هاوکاری

الـتـضـامـن

ژمارە ـ ٢ | سالی دووەم | رۆژنامەیەکی هەفتانەی گشتییە دەزگای گشتی چاپەمەنیو بلاوکردنەوە دەری ئەکات

١٦ی کانونی دوەم ١٩٧١

دوو هەواڵ

● بەپێی بریارەکەی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شورش وەزارەتی ناوخۆ فەرمانیکی وەزاری دەرکرد بو تەعین کردنی کاك علی عبدالله بە محافزی سلیمانی

وە هەروەها وەزارەتەکە فەرمانی تری دەرکرد بە گواستنەوەی شکر الحدیثی لەمحافزی سلیمانییەوە بۆ محافزی کەرکووك وەگواستنەوەی کاك غانم عبدالجلیل محافزی کەرکوك بو فحازی دیالی .

● **تیکوشەر حمید بەرواری** ئەندامی ئیحتیاتی لیژنەی مەرکەزی پارتی دیموکراتی کوردستان روژی چوارشەممە بەرەو لەندن گەوتە ری بۆ تیمارکردنی کە لەو دەس ودیژییە نارەوایەدا برینداربووکە کرایە سەر ئوتومبیلەکەی لە مانگی رابوردوودا .

وە لەلایەن ئەندامانی لیژنەی مەرکەزیو مەکتەبی سیاسیی پارتو وەزیرانو کومەلی ئەندامی پارتیو برادەرانییەوە بەری خرا .

بەرەی یەکگرتووی قوتابییان لە سەراپای وولاتدا بە تەزکیە دەرئەچێ .

رۆژی چوارشەممە سەرکەوتنی لیستەی بەرەی قوتابییانی یەکگرتوو بە تەزکییە بلاوکرایەوە لە هەموو قوتابخانە ئامادەیییەکانو دانیشگاکانی وولاتدا ، ئەم لیستەیەش بریتییە لە یەکێتی نیشتیمانی گشت قوتابییانی عیراقو یەکێتی قوتابییانی کوردستان .

ناوەندەکانی هەلبژاردن لەهەموو عیراقدا گەیشتە ٤٥٠ ناوەند وەژمارەی ئەو قوتابییانەی مافی دەنگدانیان هەبوو ٣٥٢ هەزار قوتابی بوون . وە یەکێك لە لێپرسراوەکانی لیژنەی سەرپەرشتی کەری هەلبژاردنەکان بلاوی کردەوە کە هیچ رووداوێکی نەشیاو لە هیچ قوتابخانەو دانشگایەکدا رووی نەداوەو هەلبژاردنەکان بەرادە یەك دیموکراتیانەو برایانەبوو کە رادەی تێگەشتنی قوتابیانی دەرئەخست لەکۆری سیاسەتدا .

وە کاك کەریم الملا سەرۆکی یەکیتی نیشتمانی گشت قوتابیانی عیراق ووتی سەر ـ کەوتنی بەرەی قوتابیانی یەکگرتوو و نەهاتنە پێشەوەی هیچ لیستەیەکی تر بۆ پالاوتن بەلگەی ئەوەیە قوتابیان باوەری راستەقینەیان بە لیستەی بەرەکەیان هەیە ـ بەرەی قوتابیانی یەکگرتوو ـ .

وە بۆ سەلماندنی یەك گرتنی قوتابیان لەگەل سەرکردەکەیان دا کە بریتییە لە یەکێتی نیشتیمانی گشت قوتابیانی عیراق ئەو یەکێتییەی کە چەندەها دەسکەوتی بۆ قوتابیان وەدەس هێناوە .

وە کاك أنور عبدالله جێگری سەرۆکی یەکێتی نیشتیمانی و سەرۆکی یەکێتی قوتابیانی کوردستان ووتی : لیستەی بەرەی قوتابیانی یەکگرتوو یەکسانی چارەنووسی کوردو عەرەب پیشان ئەدا . وە هەروەها یەکێتی رێرەوی تێکۆشانی قوتابیانەی کوردو عەرەب دەرئەخا .

وە بەم بۆنەیەوە لە هەموو قوتابخانە ئامادەیەکانو دانیشگاکاندا میهرەجان رێکخرا تیایا نوێنەرانی قوتابیان ووتاریان خوێندەوەو ئەوەیان سەلماند کە لێپرسراون بەرامبەر رێرەوی قوتابیانە لەپێناوی بەدیهێنانی دەسکەوتی زیاتر بۆ قوتابیان .

* * *

بزووتنەوەی بەرگری فەلستینی قوناغێکی نوێ دەست پێ ئەکا لەژێر دروشمی :

هەمو کۆنەپەرستەکان شێرە بەفرینەن

پەیامی هاوکاری

هەموو کۆنەپەرستەکان شێرە بەفرینەن

● لە ئەنجامی پەرەسەندنی خەباتی پیروزی گەلانو گەیشتنی نوربەی ئەو بزوتنەوانە پلەی خەباتی چەکدارانە ، ئیمپریالیزمی جیهانیو هاوپەیمانەکانی کەوتنە خۆ بۆ کێشانی نەخشەی گلاوترین پیلانو تەگبیر بۆ لەناو بردنی ئەو بزوتنەوانەو تەفرو تونا کردنیان .

● یەکێك لە هەرە چەپەلترین پیلانەکانی ئیمپریالیزمو هاوپەیمانەکانی ئەوە بوو ، بەناوی بەرگری کردن لە ئەمنو ئاسیشو چەسپاندنی لە جیهاندا ، ئەو ئاشتییەی کە ماوە بەوان ئەدازییاتر گەلان بچەوسێننەوەو سەروەتو سامانیان بدزن ، کەوتنە پەلاماردانی گەلان ، وە نەك هەر لە رێگای بەکرێ گیراوە ئەلقە لە گوێیەکانیان ، بەلکو راستەوخۆش هێرشیان بردە سەر ئەو وولاتانەی کە بزوتنەوەی رزگاری خوازییان گەیشتوتە پلەی خەباتی چەکدارانە .

● هەرچەندە ئەم پەلاماردانەو کوشتو برە بووە هۆی پرکردنی گیرفانو گەنجینەکانی ئیمپریالیستە دروندەکانو کومپانیا ئیحتکاریەکان ، بەلام لە هەمان کاتدا ئیمپریالیزمی ناچار کردنیروە تاوانبارەکانی لە سەرانسەری جیهاندا بلاوکاتەوە ، بە ئومێدی تەفرو تونا کردنی بزوتنەوەکانی رزگاری خوازی گەلان . بەم شێوەیەو لەگەل هەلگیرساندنی ئاگری هەر شورشو بەرپابوونی هەر راپەرینێك ئیمپریالیزمی جیهانی بەگشتیو هی ئەمریکی بەتایبەتی ملی خۆی ئەخاتە ناو داوێکی نوێوەو کە زییاتر لە مەرگ نزیك ئەبێتەوە .

● لە لایەکی کەشەوە ، بزوتنەوەی رزگاری خوازی گەلان لە ئەنجامی دروندایەتی دوژمنو تاقی کردنەوەکانی تایبەتیو گشتی رێگای راستی دۆزیتەوە ، رێگای خەباتی چەکدارانەی درێژخایەن ، رێگای هەموو کۆنەپەرستان شێرە بەفرینەن .

● هەر لەبەر ئەم هۆیەشە ، بزوتنەوەی رزگاری خوازی فەلستین کە لە ژێر دروشمی (هەموو کونەپەرستان شێرە بەفرینەن) درێژە ئەدا بەخەباتی خوێناوی خۆی ، وا جارێکی کە دووجاری هێرشی نارەواو درندانەی دامودەزگا بۆگەنەکەی حوکومەتی شاحوسەینی نۆکەر ئەبێتەوە . جونکە گەیشتنی بزوتنەوەکەبەو پلەیەی خەبات کە لەژێر ئەم دروشمە درێژە بدات بەخەباتی خۆی ، گەورەترین مەترسی دروست ئەکا دژی مانەوەی دەسەلاتی ئیمپریالیزمو هاوپەیمانەکانی نەك هەر لەفەلستین بەلکو لە سەراپای ناوچەی روژهەلاتی ناوەراست .

● بویە ئەمرو زییاتر لەهەموو کاتێك ، هەموو نیشتمانپەروەرو پێشکەوتنخواز بانگکراون بۆ یارمەتی دانو پالپشتی کردنی گەلی فەلستینی روی درەخشانی خەباتی گەلانی روژهەلاتی ناوەراستە . وە نیشتمان پەروەرێتیو پێشکەوتن خوازی هەر پارتو تاقمو کومەلو کەسێك بەندە بە چەندێتی یارمەتی دانی ئەو بزوتنەوەیە ، جا بە هەر شێوەیێك بێت .

● دەبا هەموو ئەوانەی ، کونەپەرستانو ئیمپریالیستەکان بە شێرە بەفرینە ئەزانن ، خەباتو تێکوشانی پیروزیان یەك خەن لەپێناوی دوواروژی کامەرانی ئینسان .

بەرێوەبەری گشتی خوێندنی کوردی لە سەردانەکەی بۆ کوردستان ئەدوێ

کاك عبدالله شالی بەریوەبەری گشتیی خویندنی کوردی پاش گەرانیك بە هەندی لـەمحافەزەکانی کوردستاندا ، گەرایەوە بەغدا .

کاك شالی لەسەردانەکەیدا سەری دا لە شاری کەرکوكو قەزاکانی محافزەکە بۆ چەسپاندنو جیگیرکردنی ئەو قوتابخانە کوردییانەی ، محافزەکە بە هەرسی قوناغەکەیەوە سەرەتاییو ناوەندیو ئامادەیی وە لیژنەیەکی فەرعی پیکهینرا بو ئاگاداری کردنی بریارەکانی لیژنە بەرزەکەی ئەم بەریوەبەرایەتییە لەم پارەیەوە .

وە هەروەها سەردانی محافەزەی هەولیریشی کردووە بو ئاگاداربوون لە پیویستییەکانی ئەو قوتابخانانە لە کەرەسەو پیویستییەکانی تر .

پاشان سەری داوە لە محافەزەی سلیمانیو لەگەل بەریوەبەری پەروەردەو فیرکردندا کوبوتەوە هەر بو زانینی پیویستییەکانی قوتابخانە کوردییەکان وە لەگەل بەریوەبەری پەروەردەی محافەزەی دیالاشدا کوبوتەوە پاش سەردانی لە محافەزەکە ، وە کاك شالی ووتی : پێشان لیژنەیەکی فەرعی لە دیالادا پیکهینراوە بو جیبەجی کردنی خویندنی کوردیو قوتابخانە کوردییەکان بە تایبەتی لە خانەقیندا ، وە بەم زووانە لیژنەکە دەس بەکاروباری پیویستی خوی ئەکا . وە کاك شالی ووتی پاش ئەوەی لەلایەن کاك محمد محمود عبدالرحمن وەزیری کاروباری سەرووەوە تەعلیماتی ئەدریتی سەردانیکی تری محافەی دیالا ئەکات .

وە هەر لەم بارەیەوە کاك عبدالله شالی بلاوی کردەوە کە «١٩» هەزار دانە لە کتیبی ـمبادیء دراسة اللغة الكردية ـ بەزمانی کوردی چاپکراوە بو پولەکانی شەش ئامادەییو قوتابخانە میهەنییەکان لە هەموو قوتابخانەکانی عیراقدا ئەوانەی خویندنی بەزمانی کوردی نییە .

بەرگری کردن لەتێکۆشەر ئەنجێلا دیفیس

لە وولاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکادا تادی بەرگریکەران لە کچە قولەرەش تێکۆشەر ئەنجێلا دیفیس زیاتر ئەبن کە لە پێناوی پاراستنی مافە کۆمەلایەتییەکانی ناو ئەمەریکادا .

لە برۆکلیندا لەم دواییە کۆبوونەوەیەك بۆ ئەم مەبەستە بەسترا خاتو نورما نیفز نوێنەری یەکێتی قوتابیانی بۆرتاریکا تیایدا ووتی دەزگا ئەمەریکییەکان ئەو مەسەلەی تاوانی کوشتنەی دژی ئەنجێلا دروستکرد لەبەر ئەوەی ئەو لە پێناوی مەسەلەی چەوساوەکانی وولاتە یەکگرتووەکاندا کۆششی ئەکرد .

وە نوێنەری رێکخراوەی چەکدارە رەشەکان « قولەکان » لە ووتارەکەیدا ووتی مێژووی ئەمەریکا پرە لەم وێنەیەی کە هەر قولێك لە پێناوی مافەکانی رەگەزەکەیدا کۆششی کردبێ دەزگا ئەمەریکییەکان بەم جۆرەی ئەنجێلا کەوتووەتە ئازاردانی .

وە لەم کۆبوونەوەیەدا کە لە پێناوی بەرگری کردن بوو لە ئەنجێلا دیفیس زۆر لە نوێنەرانی لیژنەی مامۆستایانی ئەفریقیاو ئەمەریکاو نیقابەی یەکگرتووی کرێکارە کشتوکالییەکانو رێکخراوە پێشکەوتنخوازەکانی تری ئەمەریکا لەم بارەوە قسەیان کردن .

ئاژانسی تاس « نۆفۆستی »

هێرشی سەرکەوتوانەی شۆرشگێرەکانی کمبودیا

هەوالەکانی کەمبودیا وا ئەگەینن کە هیزە شورشگیرەکانی کەمبودیا لە ماوەی ٢٠ی تشرینی یەکەمەوە هەتا ٢٠ی کانونی یەکەمی رابوردوو لە سەراپای وولاتدا چەند هیرشیکی سەرکەوتوی بەرپا کردوە . لەم هیرشانەدا نزیکەی (٣) هەزارو (٧٢٠) کەسیان لە دوژمن کوشتووەو یەخسیر کردەو .

وە لە ناوچەی (کیریومدا) بارەگای سەرکردایەتی ، لیوایەکی سەربازیان کلول کردوەو (٤) کەتیبەشیان قەلاچوو کردوەو زیاتر لە (١٣٠) تەنی چەكو چەکەمەنی دەسکەوتیان بووە .

هەروەها لەم ماوەیەدا چەندەها ناوچەی فراوانیان رزگار کردووە ، لە هەمویان گرنگتر ریگای (٤) بوو کە رزگارکردنی گیروگرفتیکی ئیجگار گەورەی دروست کردووە لەبەردەم نیروە نوکەرەکان .

× نوێنەری بزوتنەوەی بەرگری فەلەستین لەبەغدا سوور بونی گەلی فەلەستین لە بەردەوامی خەبات هەتا رزگاری ئەسلمێنێ

× جەماوەری گەل تورەیو بێزاری توندی خۆی بەرامبەر پیلانی چەپەلی حکومەتی بەکرێگیراوی ئوردن دەرئەبرێت .

بەغدا – و٠أ٠ع٠

لە رۆژی جوارشەمەی رابووردووا جەماوەری رەنجدەری گەلی عیراقیمان نارەزاییو تورەبوونی خۆی دەربری بەرامبەر بەو تاوانە دوورندانەی کە حکومەتی کەندەلی شا حسین ئەکات لەئوردن دژی بزوتنەوەی بەرگریکردنی فەلستینی .

ئەم کۆبۆنەوەیە لە مەیدانی تەحریر کرا و قوتابیە عەرەبەکان و بەتایبەتی هی ئوردن بەشدارییان تیا کرد ، سەرەرای هەزارەها هاونیشتمانی کە رژابوونەتە سەر شەقامەکان .

لە سەرەتای کۆبۆنەوەکە پیرەمێردێکی فەلستینی هۆنراوەیەکی نیشتمانی خوێندەوە ، دەوری نوکەرێتی حکومەتی چەپەلی حسینی تیا رسواکرد . ئینجا نوێنەری کومیتەی ناوەندی بزوتنەوەی رزگاری خوازی فەلستین ووتاری کۆمیتەی خوێندەوە کە تیایا سووربوونی نەتەوەی فەلستینی دەرخست لە درێژەدان بە خەباتی خوێناوی تا وەدی هێنانی سەرکەوتن . هەروەها نوێنەری قوتابییە ئوردونییەکانیش ، ووتارێکی خوێندەوە .

لە کۆتایی کۆبونەوەکە ، کۆبووەکان چەندەها بریاری گرنگیاندا دژی پیلانە گلاوەکەی حکومەتی حسینی نوکەر . وە داوایان لە حکومەتی نیشتمانی عیراقیان کرد کە راستەوخۆ هەولبدات بۆ راگرتنی ئەو کوشتو برەی کە لە ئوردون ئەکرێ . هەروەها داوایان کرد لە حکومەتە عەرەبییەکان کە هەلویستی خۆیان دیارکەنو چیتر درێژە بەو بێدەنگییە نەدەن .

ئەوەی شایەنی باسە کۆبووەکان دروشمی : هەموو کونەپەرستەکان شێرە بەفرینەن بەرز کردبووەوە ، ئەم سەیر کردنو ناسینی دوژمنەکان لەپال زانینی تەواوی هێزو توانای دوژمن ، سەرەتای قوناغێکی نوێیە لە شۆرشی نەتەوەی فەلستینی قارەمان، کە بێگومان سەرئەنجام سەرکەوتنی ئەم رێبازەو بزوتنەوە شۆرشگیرانەیە .

سندوقی تەقاویتی ئەندازیاران

ئەنجومەنی سەرکردایەتی شورش لە ١٣ی ئەم مانگەدا بریاری دروست کردنی صندوقی تەقاویتی .. ئەندازیارانیدا

ئەم هەواله کاك محی الدین **طائی نەقیبی ئەندازیاران** بە و٠أ٠ع٠ راگەیاند . بەپێی ئەم یاسا نوییە کەمترین تەقاویت کە ئەندازیار وەربگری (٧٥) دینارەو بەرزترین پلەش (١٢٥) دینارە

کاك محی الدین ئەوەی دەرخست کە ئەم یاسایە خزمەتیکی گەورەی ئەندازیاران ئەکاتو دەستەبەری ژیانیکی چاك بویان ئەکات .

ژمارە – ٢
١٦ی کانونی دووەم ١٩٧١

جیهانی ئەمڕۆ

تشیلی – سانتاگیـو – و٠أ٠ع٠ لە یونایتدبریسەوە

شەوی ڕابوردوو قوتابیە ئوردونیەکان و قوتابیە عەرەبەکان بالویزخانەی ، ئوردونیان لێرە داگیرکرد لە رقی ئەو هەلویستەی کە حکومەتی کەندەلی شاحسین گرتویەتی دژی بزوتنەوەی رزگاری خوازی فەلستینی ٠

قوتابیەکان بە بالویزیان گەیاندووە کە لە بالویزخانەکە دەرناچن تاوەکو حکومەتی ئوردن ئەم کوشتنو برینە رائەگرێ ٠

دووا هەوالی ئەم قوتابیانە، ئەوەیە کە حکومەتی نیشتمانی تشیلی هەولئەدا بالویزخانەکە بەجی بیلن هەروەها قوتابیە ئوردونیەکان لە سلام ئاباد پایتەختی پاکستان بە چەندەها خوپیشاندان هەلسان بەرامبەر بارەگای بالویزخانەی ئوردنی ٠ ئەم هەواله شەوی رابوردوو ئاژانسی رویتر بلاوی کردەوەو ووتی ، قوتابیەکان ئالای فەلستینیان هەلکردبوو٠

ئوردون – و٠أ٠ع٠

لیرسراویکی بزوتنەوەی بەرگری کردنی فەلستینی بە و٠أ٠ع٠ رای گەیاند کە ژمارەی گیراوەکان لە ئوردن لەم چەند روژەدا گەیشتوتە (١٥٠٠) کەس ، ئەمە جگە لە دەهان لاشەی مردو کە کەوتوتە سەر شەقامەکانو دەنگی قەقینەوەی بومباو دەستریژی مەترەلیوزەکان هەموو لایەکی عومانی گرتوتەوەو ئاو کارەبا دووبارە براوەتەوە ٠

بغداد – و٠أ٠ع٠

لە چوارشەمەی رابووردو بالویزی کوماری چین گەلی سەری بارەگاکانی بزوتنەوەی رزگاری‌خوازی نیشتمانی ، فەلستینی دا لەگەل هەندێ لە کاربەدەستانی بالویزخانەکەی چینو لەو سەرادانە ، سووربوونی وولاتەکەی خۆی دەرخست لە پشتگیری کردنی فەلستینیو ئاشکرایی کرد ، چون ئەم کوشتنو برینەی دووایی کە حکومەتی کەندەلی ئوردن ئەکات ، بەشیکە لە پیلانە گلاوەکەی روجەرز ٠

ریکخراوی یەکگرتنی گەلانی ئەفرو – ئەسیەوی

قاهیرە – و٠أ٠ع٠

ریکخراوەکە ئەو پیلانانەی کە یەکیتی خەباتی گەلانی عەرەب لاواز ئەکات بە کاریکی تاوانبارانەی دانا ، هەروەها هەموو هەولیکی لاوازکردنی بزوتنەوەی رزگاری خوازی فەلستینی بە پیلانیکی چەپەلو گلاوانەی دانا بو لەناوبردنو تەفرو تونا کردنی بزوتنەوەکە٠

کوبوونەوەیەکی گەورە بو پشتگیری‌کردنی گەلانی هیندی چینی

ئەو وەفدانەی کە لە کۆنگرەی حەوتەمی روژنامە نووسەکاندا بەشدار بوونە لە هاڤانادا ، بەشداریی کۆبوونەوەیەکیان کردووە کە لە پیناوی پشتگیری‌کردنی تیکوشانی پالەوانانەی گەلانی هینری چینی یە کە لە شاریکی نزیکی پایتەختی کووبادا بەسترا ٠

وە ئەو کەسانەی لەم کوبوونەوەیەدا قسەیان کرد هەموویان پیویستیی پشتگیری کردنی گەلانی هینری جینی یان دەربری کە دژی دەس‌دریژیی نارەوای ئەمەریکا کوشش ئەکەن ، وە سەروکی وەفدی روژنامەگەرە ڤیتنامی یەکانی ، خواروو لەن – فان – سان لە بارەی سەرکەوتنە سەربازی یەکانی نیشتیمانی یەکانی ڤیتنامەوە دووا کە دژی ئیمپریالیزمی ئەمەریکیو ، نوکەرەکانی ئەجەنگن ٠

چەند سەرنجێك لە بزووتنەوەی قوتابیانی ئێران

« بەشی سێهەم »

بزووتنەوەی لاوان وقوتابیانی ئێران ، کە ئێستە قۆناغی گەشەکردنو بەرزبوونەوەی ئاستی خۆی ئەبڕێ، لە ساڵی ١٩٥٩ بەدواوە بەتین‌تر بوو ، لەو کاتەدا کە ڕژێمی شا دووچاری شکست و پاشەکشەیەکی گەورەی سیاسی و ئابووری هاتبوو ٠

هەر لەو ساڵەدا بوو کەقوتابیانی دانیشگای تاران و هەموو قوتابیانی ئێران بەیارمەتی مامۆستایان ، توانیان بە خەباتو چالاکی خۆیان کۆمەڵێك لە مافەکانی خۆیان بە دەست بهێنن ٠

لە کۆتایی ساڵی ١٩٦٠ دائەم بزووتنەوەیە فراوان تربوو، وە بەبێ وەستان درێژەی پێدان تا ساڵی ١٦٩٣ ٠

ڕۆژی ١٢ی نیسانی ١٩٦٢لە ئەنجامی خۆپیشاندانە گەورەکەی مامۆستایانی تاراندالە مەیدانی بەهارستان ، « دوکتۆر خانعلی » تێکۆشەر بەدەستی یەکێك لە جەلادەکانی شا کە ناوی « سەرگوردشهرستانی » بوو ، شەهید کرا وە ئەو ڕۆژە لە مێژووی ئێرانابە ناوی ڕۆژی مامۆستایانەوە ناسراوە ٠

لەڕۆژی ٢١کانوونی درهەمی١٩٦٣پیاو کوژانی‌شا هێرشیان بردە سەر دانیشگا و گەلێك تاوانی ناجوامێرانەیان دەرهەق بە قوتابیانی تێکۆشەر کرد ،خۆ پیشاندانی ئەم جارەی قوتابیان دژی دەرکردنی هەندێك قووتابی بوو لە قوتابخانەکانی تاران‌و کلیەی‌هندسەی‌تکنیکی، لەو هێرشەدا زیاتر لە ٦٠٠ قوتابی لێدران‌و بریندار کران ، وە بە دەستی پۆلیسی شا ، کتێبخانەکان ومختبرەکانی دانیشگا تاڵان کران و سووتێنران ، قوتابیانی سەرانسەری وڵات و جەماهیری گەل بە خۆپیشاندان ، هەتاکو ماوەیەك پشت گیری خۆیایان دەربڕی بۆ خەباتی قوتابیانی دانیشگای تاران ٠

هەر لەم ڕووداوانەدا ، لە ٢٤ی کانوونی دوهەمی ١٩٦٣دا (مهدی کلهور – قوتابی قوتابخانەی سانەوی – بەشی علمی) بە دەستی پۆلیسی شا کوژرا ٠

قوتابیانی ئایین « فیضیە »ی شاری قوم لە ڕۆژی ٢٢ی مارتی ١٩٦٣دا کۆمەڵێك خەڵکی شادیان بانگ کردبوو وە خۆپیشاندانێکی گەورەیان کرد پۆلیسی شا هێرشی‌بردە سەریان و قوتابخانەکەیان کردە خڵتانی خوێن ، وە زۆر یان لە پیاوانی ئایین‌و قوتابیان کوشت بە شێوەیەکی دڕندانە وەگەڵێکیان لێ بریندارکردن یا لە سەربان خستنیانە خوارەوە ، وەهەندێکیان لێ خستە ڕووبارەوە و خنکاندنیان ، وە قوتابخانەکە و کتێبخانەکەیان وێران کرد و سوتاند ٠

بەڵام پیاوانی ئایین و قوتابیان قارەمانانە ڕاوەستان‌و بەرگریان کرد و لەوەدواش هەر درێژەیان بە خەباتی خۆیاندا ٠

لەو کاتانەدا بەهەزاران لاوی شۆڕشگێڕ کەوتنە بەندیخانەوە و ئازاری بێ هاوتایان چێشت و حوکمی مەرگ‌یان بەندکردنی درێژ خایەن دران ٠

ئەم ناوە نەمرانەی خوارەوە نمونەی خەباتی شۆڕشگێڕەکانی ئەو سەردەمەی دوایی ئێرانن :

بەهمەن قەشقائی – کە سەرکردایەتی خەباتی چەکدارانەی ناوچەی فارسی ئەکرد بە شێوەیەکی نامەردانە گوللە باران‌کرا ٠ کەیانی – کە قوتابیەکی شۆڕشگێڕ بوو ، بە توهمەی کوشتنی دوو پۆلیس اعدام کرا ٠

غلام رضا تختی (جهان پهلوان) – کە پاڵەوانی زۆران بازی جیهانی بووە جێگەیەکی گەورەی هەبوو لەدڵی خەڵکی ئێرانا بە دەستی پیاوەکانی دەرباری شا کوژرا ٠

اسماعیل شریف زادە – شۆڕشگێڕی قارەمانی کورد ، لە شەڕێکا لەگەڵ جەندرمەکانی شا لە ناوچەی بانە شەهیدکرا ٠

صمدی بهرنگی – مامۆستای مەزن‌و شۆڕشگێڕی لادێکانی ئازربایجان کوژرا و لە ڕووباری ئاراس دا خنکێنرا ٠

مهندس نیك داودی – لەم دواییەدا لەژێر زەبری ئازار دانا شەهید کرا ٠

ڕەحیمی – لە هێرشی جەلادەکانی شادا بۆ سەر دانێشگا لە ٢١ کانونی دوهەمی ١٩٦٣ هەردوو چاوەکانی نایە پێناوی شۆڕش ٠

هەر لەم ڕووداوەش‌دا کچانی قارەمان دووچاری لێدان و هێرشی دڕندانەی پیاوکوژانی شا بوون وە تەنانەت دەست درێژی کرایە سەر شەرەفیان ٠

ناصری گاخساز – لەم دواییەدا لە بەندیخانەدا بە ئازار دان هەردوو چاویان کوێر کرد ٠

ئەمانە بەشێکن لە قوربانیەکانی بزووتنەوەی لاوان و قوتابیانی ئێران لە چەند ساڵی دوایی دا ٠



● سلطان زادە



● حسن نیك داودی

ڕژێمی شا لەم ساڵانەی دوایی دا سیاسەتێکی فاشستی یانەی تازەی گرتە بەر بۆ کوژاندنەوەی بزووتنەوەکە ، ئەویش بە کێش کردنی قوتابیان بۆ عەسکەری و ڕێگە گرتن لەتەواو کردنی خوێندنیان کە بەو هۆیەوە بەسەدان قوتابی لە دەرس خوێندن بێ بەش‌کران وە وەکو سزادان بۆ ماوەی دووساڵ نێرران بۆ سەربازگا ئێستەش هەر بەردەوامە ، بە تایبەتی لە بەسەرهاتەکانی ئەم ساڵەدا ، سەدان قوتابی بەو جۆرە سزا دران‌و بە زۆر نێرران بۆ مەربازی ٠

هەڵچوون و بەند بوونەوەی ئاستی ئەم‌قۆناغەی بزووتنەوەکە وە دەیان مان گرتن و خۆ پیشاندان و کۆبونەوەی جەماهیری گەورە ، وە فراوان بوونی ڕێکخستنی شۆڕشگێڕانە لە ناو قوتابیان و کۆمەڵانی‌ترا، ئەمانە هەمووی ڕژێمی شای زیاتر هار کرد و لە ڕاپەڕینی «١٥ی خردار» – ٧ی حوزەیران ١٩٦٣ زۆر بە توندی و بە شێوەیەکی خوێناوی لەم بزوتنەوەیە درا ٠

لە ١٥ی خرداد دا ، سەدان مەزار لە خەڵکی تاران ساز درا بوون لە ژێر سەرکردایەتی ڕێکخراوەکانی قوتابیان و کرێکاران دا ، وەچەندەها ڕۆژ بەرامبەر هێزەکانی شا شەرێکی خوێناویان کرد ٠

ئەم بزوتنەوەیە ، چ لە تاران و چ لە شارەکانی قوم ، تەوریز ، مشهد ، شیراز ، أصفهان ، بە کوشتن و برینی هەزارەها شۆڕشگێڕی ئێران کوژێنرایەوە ٠

ئەم لێدانە خوێناویە بوو بە هۆی ئەوەی کە تا ساڵی ١٩٦٧ لە دانیشگاکان و قوتابخانەکانی ئێراندا بزوتنەوەیەکی بە هێز نەهاتە کایەوە ٠

بەڵام لە ساڵی ١٩٦٧ ە وە جارێکی تر قوتابیان ، بە هێزێکی زیاترەوە هەستانە سەرپێ ٠ وە ئەمجارە خاوەنی شارەزایی و تاقی‌کردنەوەی گەلێك بەنرخ بوون لە شکانی خەباتی قۆناغی ڕابوردوویان ٠

لە ساڵی ١٩٦٧ دا هەندێك خۆپیشاندانی گەورە لە دانیشگاکانی تاران ، تەوریز ، شیراز ، ڕووی دا کە لە ئەنجامیا بە سەدان‌قوتابی تر بەندکران و یان لە خوێندن دەرکران و نێرران بۆسەربازی ٠

هەر لەکاتی کوشتنی غلام رضا تختی بەدەستی جەلادەکانی سازمانی ئەمن ، ئەم بزووتنەوە تازەیەگەیشتە جۆشی هەڵچوون‌و ڕاپەڕینی ، وەقوتابیان و ڕێکخراوەکانیان ، تەعزێ و ناشتنی ئەم شەهیدەیان کرد بە ڕاپەڕینێکی گشتی جەماهیری ٠

لە ڕۆژانی حەوتەمی شەهید بوونی و لە چلەکەدا ، قوتابیان توانیان بە سەدان هەزار لە خەڵکی پایتەخت بێننە سەر شەقامەکان‌و دژی ڕژێم کۆیان بکەنەوە و بەرگری بکەن دژی پۆلیس ٠

بەڵام ئەم خەباتەش، نرخەکەی گران کەوت لە سەر قوتابیان و گیانی چەندەها نیشتمان پەروەرو بەندکردنی زیاتر لە ٢٠٠ قوتابی دانیشگای تاران و ٥٠ قوتابی دانیشگای تەورێز ٠ وە ژمارەیەکی زۆری تریان ڕەوانەکرد بۆ سەربازگاکان ، بۆ بێ‌بەش کردنیان لە خوێندن‌و دوور خستنەوەیان لە مەیدانی خەباتی دلێرانە ٠

قوتابیان دەستیان دایە خەباتێکی توندو تیژ بۆ ڕزگار کردن و بەردانی هاوڕێکانیان کە ئەمەش دیسان بوو بە هۆی گرتنی سەدانی تریان ٠

لە ماوەی ساڵی ١٩٦٨ دا ئەم بەسەرهاتانە هەروا بە توندوتیژی درێژەی پێ درا وە ئێستەش هەر بەردەوامە ٠

لەم قۆناغە دا بە دەیان مان گرتنی قوتابیان و گشتی خەڵك سازدرا وە کە لە ناوەڕۆکیا دروشمی داخوازیەکانی گشتی خەتك و پارێزگاری کردنیان و، پشتیوانی کردن لە شۆڕشی ڤێتنام و فەلەستین دەرخستنی توڕەیی بەرامبەر ڕژێمی شا و ئیمپریالیزمی ئەمریکا٠٠٠ وەکو دروشمی سەرەکی بەرزکرا بوونەوە ٠

لە زستانی ١٩٦٩دا ، کاتێ خەڵکی ناڕەزای‌یەکی زۆریان هەبوو بەرامبەر گران کردنی نرخی بلیتی پاس ، ڕێکخراوەکانی‌قوتابیان جەماهیری‌خەڵکیان کۆکردەوە بۆ خەبات کردن دژی ڕژێمی شا ، وە زوربەی کرێکاران‌و قوتابیان‌و کاسبکارو فەرمانبەران‌و تیا بەشدار بوون وەبە هۆی هۆشیاری‌و کارامەیی شۆڕشگێڕانەی قوتابیانەوە ، ئەم خۆپیشاندانانە دەرکەوتنی بە دەست هێناو داواکاری‌یەکانیان هاتەدی ٠ بەڵام لەم خەباتە نوێ‌یەش‌دا بە دەیان نیشتمان پەرەر کوژران و کۆمەڵێکی زۆریشیان بەند کرا٠

لەبەهاری ساڵی ڕابوردووش دا قوتابیانی ئێران دەستیان کرد بە بەرپا کردنی خەباتێکی فراوان بۆ بەردان‌و ڕزگارکردنی بەندە سیاسیەکان ، وەلەژێر زەبری خەباتی دلێرانەیانا ڕژێمی شا ناچارکرا بەندە سیاسیەکان (کە لەسەر خۆپیشاندانەکانی زستان گیرابوون) بەربدات ، وەبەوش سەرکەوتنێکی نوێ بەدەست هێزا ٠

بۆیە خەباتی قوتابیان‌لەگەشەکردنی بەردەوامی خۆی نەکەوت‌و هەر درێژەی پێدراو تابێ پەرەی ئەسەنێ ٠

هەروەها ساڵی پار کاتێك کە (یاریە وەرزشی یەکانی نێوان وڵاتانی ئاسیایی) لە تاران ئەکرا ، وەتیپی فتبۆڵی ئیسرائیلی تێیدا بەشدار بوو (بەهۆی دۆستایەتی ونزیکی ڕژێمی بەکرێ گیراوی شاوە لە ئیسرائیل) قوتابیان چالاکی‌یەکی زۆریان نواند بۆ تێك دانی یاری‌یەکان و ڕسواکردنی ڕژێمی شا وە یاری‌یەکانیان گۆڕی بە خەباتێکی سیاسی دژی ڕژێم ٠

لەنیسانی ساڵی‌ڕابوردوش‌دا حکومەتی شا ٣٥ سەرمایەداری گەورەی ئەمریکایی بانگ کرد بۆ بەستنی (کۆنفرانسی سەرمایەدارانی ئەمریکا) لە تاران ، وە بەوە خیانەتێکی ڕووهەڵماڵراوی تری خۆی خستە ڕوو بۆخەڵکی ، دژی خواست وقازانجی گەلانی ئێران‌و سامانی نەتەوایەتی ئێران ٠

(ماوەیەتی)

تۆمارێکی نوێی گوناهبارکردنی ئیمپریالیزمی ئەمریکا...

« ئەم نامەیە سەربازێکی ئەمریکی، کە لە ڤێتنامی خواروو شەر ئەکات ناردوویەتی بۆ دایکو باوکی،ئەوانیش داویانە بە ڕۆژنامەی « ئاکدۆن بیکون گۆڕناڵ » و بەتەواوی بڵاوی کردۆتەوە ، ئەم نامەیە تۆمارێکی نوێیە « ئیمپریالزمی ئەمریکا » لە بەردەم بیرو باوەڕی پیرۆزی مرۆڤایەتیا گوناهبار ئەکات » ٠

وەرگێڕانی : عبداللە عباس

تەواوی نامەکە :

دایە ٠٠ بابە ٠٠ خۆشەویستەکانم :

ئەمڕۆ بۆ بەجێ هێنانی ئەرکێ ڕێمان گرتەبەر ، ئەو ئەرکەمان بەجێ‌هێنا ، من شانازی پیوەناکەم ، نە بۆ خۆم وە نە بۆ هاوڕێکانم ٠٠٠ هەتا نە بۆ وولاتەکەشم ، هەر ئاوەدانیە هاتبێتە ڕێگامان ٠٠ سوتاندمان ٠٠٠ ڕێگام بەن بەوردی بۆتان بگێڕمەوە :

ئەم بەیانیە ٠٠ هەرئەوندەی ئەو شەش – هیلیوکوبترەی – هەریەکەیان شەش سەربازی تیابو ٠٠٠ لە ناوەڕاستی کۆمەڵی « زنجا » نیشتنەوە ٠٠ پێ‌خستنە سەر ئەرزو دەست کردنمان بە ئاگر تێ بەردانی هەموو زنجەکان یەکێك بو ، هەموو ئەو پیرە پەك کەوتانەمان کۆکردەوە کە توانای چەك هەڵگرتنیان نەبو ، بە پاڵە پەستۆ گەیاندمانە ئەو شوێنەی بۆ « کۆ کردنەوەی گومان لێ‌کراوەکان تەرخان کرابو »٠٠ بەڵام خێزانەکانیان لەم کەین‌و بەنیە نەئەگەشتن ٠٠٠

هەموویان ئەگریان ٠٠ ئەپاڕانەوە کە لەیەکیان جیانەکەینەوە داوایان ئەکرد ٠٠ باوکو باپیرو مناڵەکانیان لەیەك نەکەین ، ئافرەتەکان هاواریان ئەکردو قوریان ئەپێوا ٠٠٠

ترس دای گرتبون ٠٠٠ کە سەرنجی زنجەکانیان ئەدا ٠٠ بە هەموو شتەکانیانەوە ئەسوتا ٠٠٠ هەناسەی ساردیان هەڵ ئەکێشا ٠٠ بەڵی ٠٠٠ سوتاندمانن ٠٠٠ هەتا کێڵگەکانی برنج ڕزگاریان نەبو ٠٠ هەرچی ئاژەڵیشیان هەبوو ٠٠ کوشتمانتن !!

هەموومان سەربازی بێ‌ئاگای‌و سەر لێ‌شیواوی بونی ، یەکی لە هاوڕێکانم هاواری کرد :

– یەك ڕۆژی تەواومان لەبەرە ٠٠ بکوژین ٠٠٠ بسوتێنین !! دوایی هەموومانی بانگ‌کرد ٠٠ چوینە لایەوە ٠٠ سەیرمان کرد لە زنجێکەوە ٠٠ کابرایەکی پیری پەککەوتە دەرچو ، هاوڕێکەم پێ‌ووت : دورکەوەرەوە ٠٠٠ لەبەر ئەوەی پیویست بو زۆ ئەرکی سەرشانمان بەجێ بێنین٠٠ پیویست بو زو بومباکە بکێشین بەزنجەکەدا ٠٠٠ هەر بۆمباکەمان گرتە زنجەکە ٠٠٠ کابرای پیرە شێت بو ٠٠٠ بەهەر چوار پەل هەڵ ئەبەزیەوەو خۆی ئەدا بە سەر ئەرزا ٠٠ زوو زوو ڕای ئەکرد بۆ لای ئاگرەکە ٠٠٠ دوای ئەگەڕایە وە بۆ لای ئێمە ٠٠ لەپڕ دەنگی گریانی مناڵێك لە زنجەکە سەرسامی کردین ٠٠ دای تەقینەوە ٠٠ بە دوایا دامرکانەوەی ئاگرەکە ٠٠ دیمان ٠٠ دایکێکو دوومناڵ ٠٠ بون بەکوی زوخاڵ !! « کچێکی مناڵی ١٢ ساڵە ٠٠ کوڕێکی ٦ ساڵە » وە ساوایەك چەند ڕۆژی بو لەدایك بوبو» ٠ کابرای پیرە ٠٠ هاوارو دادی بۆ ئەوە بو پیمان بڵی زنجەکە ئەوانەی تیایە ٠٠٠ بەڵام ئێمە لێی تێ نەئەگەشتین ٠٠ ئەرمەکانمان هێنایە دەرەوە ٠

دیمەنیکی ترسناك بو ٠٠!

لاشەی هەرسێ مناڵەکە برژابو ٠٠ ئێمە تۆزێ چاومان بڕیەیەك ، دوای ٠٠٠ بەجێمان هێشتن ٠٠ پیرەش هەربە خویا ئەکێشاو ئەگریا !!

دواجار ئەو پیرەم دیەوە ٠٠ لەشوێنی زنجەکە نویژی بۆ « بوذا » ئەکرد ، قژەسپیەکەی بەدەم باوە ئەشەکایەوە ٠٠٠ فرمیسکیش بەچاوە کزەکانیا ئەهاتە خوارەوە ٠

بابە :

نازانم چۆنت بۆ باس‌کەم ، چەندم لاگران بو ئاوڕ بەمەوەو سەیری ئەو کابرایە بکەم ، هەرچونی بێ ٠٠ من تاوانەکەم کرد ٠٠٠

حەزم ئەکرد بگریم ٠٠ بەڵام لەئێستە بە دواوە ناتوانم بگریم ٠٠٠

کوڕی دڵسوزتانی « جیمس »

ڕۆژنامەی ڕۆژنامەکان

التآخی : سەرەتای هێرشێکی ئیمپریالزمی‌و سەهیونی بۆسەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەجموجوڵی گومان لێ‌کراویانادەر ئەکەوێ ٠

گاردیان : سەبارەت کەناری‌عەرەبی ئەدوێ ٠

کفاحی بیروتی : لەکونگرەرۆژنامە نوسیەکەی نیکسون ئەدوێ ٠

ڕۆژنامەی تەئاخی ئەڵێت : ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست سەرەتای هێرشێکی‌ئیستیعماری سەهیۆنی تێادا بەدەرئەکەوێت کە تەشەنەکردنی نەخشەی پیلانەکانیان دەرئەخات بۆ وەستاندنی سەرکێشی ئەم ناوچەیە وگێرانەوەی بۆ کۆنە جێگاکانی جارانی ، نەخشەی ئەم پیلانانە هینی ئەمڕۆ کە نی یە، بەڵکو هینی‌ئەو ڕۆژانەیە کە کڵپەی ئاگری شۆڕشی ڕزگاری خوازی زوربەی ناوچە ژێردەستەکانی جیهانی گرتبۆوە وگەورەترین کێشە کەوتوە نێوان هێزە ڕزگاری خوازەکان و دەزگا ئیستیعمارێکانەوە ٠

هەر لە سەر ئەم باسە ووتی: لەدوای شەری جیهانی‌یەکەمەوە دەوڵەتە ئیستیعمارێکان‌ویستیان چەند دەوڵەتێکی لاوازی سەر بە خۆیان دابمزێنین لەم ناوچەیەدا لە پێناوی بەرژەوەندی‌و بەخێوکردنی‌سوپاکانیاندا وبۆفروشتنی کەلوپەلی زیادەو بۆ لێکێشانەوەی ئەو مەوادە خامانەی کە پێویستیانە بوو بۆ گێرانی کارخانەکانیان ٠

وە وڵاتەکەی ئێمەش لە ناو ولاتەکانی ڕۆژهەڵاتی‌ناوەڕاستدا جێگەیەکی تایبەتی هەیە ، کە بۆتە نیشانەی تیری ئەوپیلانانە لە شۆڕشی ١٤ی تەمووزەوە بۆگێرانەوەی عیراق بۆ ژێر ڕکێفی ئیستیعمار وە کردنەوەی بە ئالەتێك بۆ چاوترساندنی گەلانی ئازادبووی ئەم ناوچەیە لەبەر ئەمە لەسەر هەموو لایەك پێویستە کە ئاگاداری ئەو پیلانانەبێت کە لەدەورمان سازئەکرێت ، وئەبێ عیبرەت لەو ڕووداوەخوێناوێنا وەرگرین کە هەتا ئەمڕۆکە لەم ناوچەیەدا ڕوویان داوە ٠

ڕۆژنامەی تەئاخی لەسەر باسەکەی ئەڕوات‌و ئەڵێت : وە یەکەمین هەنگاومان بۆ ئەم مەبەستە ئەبێت دامەزراندنی بنکەیەکی بە هێزی نەبزێوبێت، بەیەك گرتنێکی نیشتمانی گشتی‌و نەهێشتنی ئەو پەیوەندیە سەلبیانەی کە هەتا ئێستا لەناو هێزەنیشتمانێکاندا بووە ٠

وەلەسەر ئەوە ڕێك‌بکەورێت کە یەك مەترسی گشتی‌گرتۆتەوە وە لەکۆتایی ئەو باسەدا ئەڵێت: ئەمڕۆ ئەم باوەڕمان پاڵمان پێوە ئەنێت هەر وەك دوێنێ پاڵی پێوە ئەناین بۆ بایەخدان بەکۆ بوونەوەی ڕیزەنیشتمانێکانیە پێشکەوتوو خوازەکان گشتیان وریك کەوتنیان لەسەر میساقێکی ئیشکردنی گشتی ، کە لە سەر ئەو نوقاتانە دامەزرابێت کەوا هەموو لایەك جیاوازیان نی یە لەسەری‌و ئەتوانن ڕێك بکەون ٠

●

ڕۆژنامەی گاردیانی سەربەست لەیەکێ لەوتارەکانیدا بڵاوی کردۆتەوە وئەڵێت :– بەریتانیا نیازی وایە دوای خۆکێشانەوەی لە ناوچەی خلیج کاروباری ئەمن‌و ئاسایش ئەو ناوچەیە بە ئێران بسپێرێ ٠

وە ئەڵێت : مانای فرۆشتنی ٥٠ زرێلی تشیفتین بە ئێران کە نرخیان ئەگاتە ٢٠ ملیۆن جونیە ، ئەو ڕاستی‌یە ئەدات بەدەستەوە ٠

وەك ئەو ڕۆژنامەیە ئەڵێت : ئێستا ئێران بە کارترین هێزە لەو ناوچەیەدا ، وە ئەگەر چارەسەری داواکاری ئەوسێ دوروگەیەی بەر دەمی نۆکەند داواکارێکەی بە بەحرێنی چارەسە ربکات ئەوا سەرچاوەی شلۆقی نامێنێت ٠٠ «وە ئەوەش بە تەواوی ساغ ئەکاتەوە کە ئێران لە هەموو ڕوویەکە بۆ ئەوە دەست ئەدات کە جێگای بەریتانیا پڕکاتەوە لەو ناوچەیەدا ٠٠

ڕۆژنامەی گاردیان کۆتایی وتارەکەی بەوە هێناوە ئەڵێت : گرنگی لەوەدایە کە میسرو ئێران ڕێکەوتنەوە لە سەر ئەوەی باڵوێز بگۆڕنەوە لە نێوان خۆیاندا دوای ماوەیەکی زۆر لە نەمانی پەیوەندی نێوانیاندا ، ئەمە زامنی ئەو ڕێکەوتنەیە کە هەموو لایەك حەز بە ئاسایش ئەکات ٠

کفاحی لوبنانی ئەڵێ :

نیکسۆن هەڕەشەی کردوە بە زیادکردنی‌بۆمبا بارانی هانوی٠ لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامە نووسیدا ریتشارد نیکسۆن سەرك کۆماری ولاتە یەك‌گرتۆکانی ئەمەریکا ڕایگەیاند کە هەڕەشەیەکی توندی ناردوە بۆ ڤێتنامی باکوری بۆ وازهێنان لەخۆکردن بە ڤێتنامی باشوردا ، وە ئەگەر واز لەو جۆرە کارانە نەهێنن فەرمان ئەدات بەوەی بۆمبابارانێکی بەتین تری ڤێتنامی باکوری بکرێت ٠

وە نیکسۆن وتوویەتی : یەکێك لەدەست کەوتە گرنگەکانی ماوەی دووساڵی حکومەتەکەی هەوڵدانی کۆتایی بەشەڕ هێنانە ٠٠ ئەگەرچی کۆتایی بەشەڕیش نەهێنراوە بەڵام هیوای وایە کە بەم زوانە کۆتایی پێ بهێنرێت ٠

وە لەبارەی هیوای بەستنی کۆنگرەی بەرزی نێوان یەکێتی سۆڤیات‌و ئەمەریکا نیکسۆن و تووەیتی : کۆنگرەی وا بەم زووانە ڕوونادات ، بەڵام لەدوا ڕۆژدا ئامادەیە بۆ بەستنی ئەو جۆرە کۆنگرانە ٠٠

لە قسەکانیدا نیکسۆن ئەڵێت : بنکەی غەواسە ئۆتۆمێکانی سۆڤیات لە کۆبادا دژی ڕێکەوتنەوی ساڵی ١٩٦٢ بەڵام موخابەراتی ئەمەریکایی بەوەی نەزانیبوو کەوا یەکێتی سوڤیات لەو جۆرە بنکانەیان لەکۆبادا دامەزراندوە ٠

institut kurde de paris

لەگەڵ شاعیری لاو « شێرکۆ بێکەس »

شیعری ئەم سەردەمە پێویستە لەگەڵ ڕاستی دابێت



شاعیری لاو – شێرکۆ بێ‌کەس – جگە لەوەی هەموو خوێندەوارێك ئەیناسێ بەوەی یەکێکە لەو لاوە بەهرەوەرانەی ڕێچکەو ڕێبازێکی نوێیان گرتووە .. بەوەش ناسراوە کە یەکێکە لەو ئەدیبانەی پار بانگەوازی ڕوانگەی ئەدەبی کوردی‌یان بڵاوکردەوە . لەم گفت‌و گویەدا ئەمانەوێ دەربارەی – ڕوانگە ـ و هەندێ باسی تری ئەدەبی بێ پێچ‌و پەناو ڕاستگویانە لەگەڵ کاك شێرکۆدا بدوێین :

● **ڕوانگە تا ئێستا چی کردووە ؟**

– **بەر لەئێوە گەلێ جاری** تریش ئەم پرسیارەمان لێ‌کراوە .. کە ئایا ئێمە چیمان کردو چیمان گۆڕی ؟ ..

یان ئەو بەرهەمانە کامانەن وەك لە بانگەوازەکەدا داوامان کردوون‌و لێی دوواوین .. بە بڕوای من ئەم پرسیارە .. پەلەی تێدایەو کاتی کردنی هێشتا نەهاتووە .. یان بە واتەیەکی‌تر تێکەڵاو کردنی دوو مەبەستە کە پێویستە لە جیاکردنەوەیاندا هەندێ وریا بین ..

● **چۆن ؟**

– **کە ئەڵێم ئەم پرسیارە** وەختی کردنی نەهاتووە .. واتە هەموو بەرهەمێکی ئەدەبی بەتایبەتی بەرهەمێك کە بمانەوێ لەدیوی دەرەوەو ناوەوەشیا بەتەواوی جیای بکەینەوە لە بەرهەمەکانی تری لەوەبەروو بشێ بڵێین ئەم بەرهەمە دەنگێکی تایبەتی خۆیی‌و نموونەیەکی سەرکەوتوانەی تازەترو جوونەوەی بنێشتی هیچ دەمێکی تری ڕابوردوو نیە ؟ .. کە ئێمە ئەمەیانمان مەبەستە لە بانگەوازەکەدا ! ئەبێ ئەوە بزانین ژانی تاقی کردنەوەکانی ئەم جۆرە بەرهەمانە (لەماوەیەکی وا کورتدا) دڵنیامان ناکات لە گەیشتن بەئەنجامی ئەو پرسیارانەو بەڵکوو لە بۆشایی‌یەکدا ئەمان هێڵێتەوە ! .. ئەمە کوت‌ومت لەوەئەچێت لەڕێگەی تەنیا هۆنراوە یان چاپەمەنیەکەوە .. یان هەتا دیوانیکیشەوە حوکمی کۆتایی بدەین بەسەر شاعیریکداو وا لە خۆمان بگەێنین کە ئەو حوکمە پاش گەڕبوونەوەی تێدا نیە ؟ .. ئەمە لە کاتێکدا .. ئەو شاعیرە هێشتا بژی‌و باوەشی بۆ پاشە ڕۆژ گرتبێتەوە ؟ ..

بانگەوازەکەمان .. (بڕواو ئیمانە) بە تازە کردنەوەی ئەدەبی نەتەوەکەمان لەگەڵ پێشکەوتنی ئەم سەدەیەی خۆیدا .. یان بە واتەیەکی تر .. نامەی خۆشەویستی ئێمەیە .. بەڵام (دەربڕینی ئەم خۆشەویستی)یە لە بەرهەمدا .. ئەمەیان قوناغی دوورو درێژی دووهەمیانە .. کە ئەو خۆشەویستی‌یە بە شێوەیەکی فراوان خۆی بنوێنی .. کەی ؟ .. ئەوکاتەی تاقی کردنەوەکانی ناو ئەو بڕواو خۆشەویستی‌یە تەواو لەبۆتەی خۆیاندا قاڵ ئەبن‌و ڕەنگی تایبەتی خۆیان لەسەر زەوی‌تازەکردنەوە .. ڕۆژ لەدوای ڕۆژ ئەڕێژن . ئەتوانم بڵێم ساڵەکانی حەفتا .. تەواو نابن .. کە ژانی تاقی کردنەوەکانی ئەم سەردەمەو نامەی خۆشەویستی‌و بانگی بانگەوازەکەمان ئەگەن بەیەك‌و ئەم پرسیارەی ئەمڕوش .. وەڵامەکەی بە ئاسانی ئەدرێتەوە .

● **بەڕای تۆ شاعیر کێ‌یە ؟**

– بە بڕوای من شاعیر ئەو پێغەمبەرەیە .. کە لە نەهێنی‌ی بەهرەوە .. ڕاستگۆیی لە تاقی کردنەوەدا ئەچێنی‌و بەدوای ئەو خۆشەویستی‌و ڕاستی‌یە ، (مطلق)ەدا ئەگەڕێ کە لەژیاندا ئەهرمەنەکان کردوویانن بە ژێر فروفێڵی (نسبیەت)و داپۆشینی ئەو نەنگی‌یانەوە کە پێویستە پەردەی شەرمەزاریان لەسەر هەڵماڵرێ .. شاعیرو ئەدیب بە بڕوای من .. ئەبێ (ئەهورامزدا)ی خێرو ئازادی‌و خۆشەویستی بن ..

● **شیعری ئەم سەردەمەی نەتەوەکەمان ئەبێ چۆن بێ ؟**

– بێگومان ئەبێ بڵێم .. ئەوەی خوم حەزی لی ئەکەم . چونکە نامەوێ ئەو (ئەبێ چۆن بێ‌یە) ! ڕامبکێشێ بۆ ئەوەی دەست بکەم بە دانان‌و کێشانی پلان‌و نەخشەیەکی وا کەبمان ، گەڕێنیتەوە بو ئەو حوکمە گشتی‌یانەی کە لە (منطق)ی زوربەی کلاسیکی‌یەکاندا ، بێ‌پەروا دەر ئەبران‌و ئەکران بە یاسایەك کە ئیتر هاتنە خوارەوەی تێدا نەئەبوو . ئەمە جگە لەوەی حەز ناکەم خویندەوار واتی بگات .. کە شێوەو گرنگی پرسیارەکە خۆی بەرامبەری بەهرەو دەسەڵاتی جێگەی ئێستای ئەدەبی منە ؟ واتە لە ڕاستیدا من هەروەکو شاعیرێك کە لەتاقی کردنەوەدا ئەژی‌و هیچی تر .. وەڵامی ئەم پرسیارە ئەدەمەوە .. ئەگەر بشێ بڵێم (پێویستە) ئەڵێم .. شیعری ئەم سەردەمەمان لەگەڵ ئەو ڕاستیانەدا پێویستە بژی .. کە عەیب‌و عاری ژیانمان لێ ناشاریتەوەو چۆنین بەبێ داپۆشین بمان‌خاتە ڕوو ! پەردە لە ڕووی ئەو فروفێڵ‌و خۆ تەفرەدان‌و ترسنوکی‌یانە هەماڵێ کە چاوی مێشك‌و بیرکردنەوەی بەستووین ، ئازارمان بدات بۆ ئەوەی بەخۆمان‌و ڕێگەی ژیانەوەمان بناسێنێ ، لەگەڵ هەموو جوانی‌یەکی ژیاندا بمان‌کات بە هاوڕێ ، لە چاوی کوردایەتی‌یەوە تەماشای چاوی مرۆڤایەتیمان پێ بکات ، لەگەڵ پێشکەوتن‌و گۆڕانی خێرایی ئەم سەدەیەدا شان بەشان بمان‌بات ، بە دەست تێکەڵاو کردنی (تەقلیدەوە) نا بەڵام بەکار تێ‌کردنی پێشکەوتنی شیعری تازەی ئەدەبی وڵاتانی پێشکەوتووەوە .. لە ، ئاشنایەتیەکی بەردوامدابێ . ناوەڕۆکی هونەری ئەوەندە نەیەتە خوارەوە بێ بە کەرەسەی دعایەیەکی بازرگانی‌و بازاڕی .. نەشبێ بەو مەتەڵەی هەزار گرێ کوێرە بدات لەخۆیی‌و بمان گەڕێنێتەوە بۆ مەتەڵەکانی شیعری سەردەمی هەرەتی دیوەخانی کلاسکیی‌یەکان ، تووشی گریان‌و کروزانەوەو دۆش‌دامانی ئەو ڕومانتیکیەشمان نەکات کەدەستمان پێ بنێتە ژێر چەنەی دەستەوستانی ، گۆشەگیری ، شیعری ڕاستگۆیی‌و ژیان بی .. لەگەڵ ژانی تاقی کردنەوەی خولیاو سوزی شاعیر خویدا لەدایك بێ ،دەنگی داهێنانی نەنووسێ کەرەسەی زمان‌و وشەی دەستکرد بۆ بەرهەم پێشەکی نەخشە نەکات ، لەو پاشە ڕۆژەدا بژی کە هێشتا نەهاتووە .. ئەوەندەی لێرەدا ئەتوانم بیلێم .. بەکورتی .. ئەوەی سەرەوە بوو .. دیارە ئەمەش ناو ئەنێم چەند سەرنجێکی سەرپێی‌و هیچی تر !

شێرکۆ بێکەس کەی شیعر دائەنێت ؟؟

● **هۆی خۆ کێشانەوەتان لەیەکێتی‌ی نووسەرانی کورد**

– بە بڕوای من ژیان بریتی‌یە لەهەڵوێست‌و تاقی کردنەوە .. خۆ کشانەوەشم لەیەکێتی .. یەکێکە لەو هەڵوێست‌و تاقی کردنەوانەی بەکردەوە تیا ژیاوم‌و ، بە کردەوەش لێی هاتمە دەرەوە ، لە ئیش‌کردنی ناو کۆمەڵیکا (بڕواکردن بەیەکتری) ئەکەویتە پێش هەموو شتیکی ترەوە ، هەرکاتی ئەو (بڕوایە) کەوتە لەق بوون‌و بەپێی بەرژەوەندی تایبەتی حیسابی بۆ کراو ، دڵسوزی‌و سووتان‌و چالاکی ئەم لەگەڵ یەکیکی بێ کارەو بتێکی داتاشراوا وەکوو یەك ڕچاو کراو پێوانەیەك نەما بۆ ئەوەی ئەو سنوورانە لەیەکتری جیا بکرینەوە ، هەرکاتێ گەلەکومەکی‌و تاقم بردان بو مەبەستێکی تری دوور لەمەبەستی ئەو کومەڵە کەوتە سەرهەڵدان‌و جێ دەستی خۆی کردەوە ، بەبڕوای من پیویستە خاوەن هەڵوێست دەنگی هەڵبریت‌و هەنگاوی خۆی دیاری بکات ، هۆی یەکەمی وازهێنانم لە یەکێتی ، دیم .. ڕاستی‌ی پێ‌شێل ئەکرێ لەلایەن ئەوانەوە کە تەنیا خویان ئەویت‌و هیچی‌تر ، ئەوانەی ئەیانەوی یەکێتی‌ی لە ڕاستەڕێی لابدەن‌و بەرەو کوێرە ڕێی لایەکی تر ملی پێ بنێن ، بە تاقی کردنەوە گەیشتمە ئەو ئەنجامەی ، کە تائیستاش هەندێك لەو (ڕۆشنبیرانەمان) خاوەن بیرو باوەڕو ڕایەکی جێگیر نین .. ئەوتریت .. کە هۆی خۆ کشانەوەم .. لەبەر ئەوە بوو لەهەڵبژاردنی دەستەی بەڕێوەبەری یەکێتی‌دا لە سلێمانی دەرنەچووم .. ئەمە ڕاستی‌ی زۆر تێدایە .. بەڵام ئەمەوێ منیش ئەم پرسیارە بکەم .. ئایا دەستەیەکی ڕۆشنبیر لەماوەی دوومانگدا! .. ئەو ماوەیەی کردەوەم‌و کردەوەی هەندی لەبرایانی کارگێری خاوەن هەڵوێست ڕاستی‌و دڵسۆزی‌ی خستەڕوو ، ئەڵێم .. لەماوەی دوو مانگدا .. ئەشێ ڕای کۆمەڵێکی ڕۆشنبیر بەو شێوەیە پێچەوانە بێتەوە لەکاتیکا لە هەڵبژاردنی یەکەم‌دا بۆ دەستەی دامەزرێنەر من زۆرترین دەنگم هەبووبێ‌و کەچی لە دووهەمدا ئەوەندەی ئەو کەسەی کە لە هەڵبژاردنی یەکەمدا چەند دەنگێکی هەبووبێ‌و هیچی تر ؟ .. ئایا ئەم هەڵویستە لە ڕاستی‌یەوە هاتووە ؟ یان لەو هۆیانەوە کە پەیوەندیان بەسەر یەکێتی‌یەکی ئەدەبی‌یەوە نیە ؟ .. من هەر ئەمەندە ئەڵێم‌و هیچی تر ..

لەگەڵ ئەمانەشدا هەمووی .. هیچ یەکێتی‌یەکی ئەدەبی .. ئەگەر خاوەن بەهرەیەك خۆی شاعیر یان ئەدیب نەبێ نایکا بە ئەدیب‌و ئەوەی گرنگیشە .. بەرهەمەو کردەوە .. یەکێتی‌ی نووسەرانی کورد ، ئاواتی بۆ هاتە دی .. بۆئەوەی ئەم ڕەنج‌و ئاواتەی لەدەس نەچێ . ئومیدم وایە دڵسۆزانی ناو ئەم یەکێتی‌یە بەر لەتەشەنە کردن ڕەگ‌و ڕیشەی ، ئەو نەخۆشیانە هەر لەئێستاوە دەرکێشن‌و بە ڕاستە ڕێی خۆیدا ببەن‌و لەمەترسی هەڵدێرەکانی لاری بیپارێزن ، کە ئاواتی گشت‌لایەکی دڵسۆزمانە .

● **ڕات بەرامبەر چیرۆك نووسەکانی ئێستامان ؟**

– پێشەکی ئەمەوێ بلێم ، چیرۆك نانووسم‌و جگە لەوەش لەگەڵ ئەدەبی پەخشاندا بەشێوەیەکی گشتی – بۆ نووسین – ئەوەندە بەینم نیەو قەڵەمی نووسینم گەلێ بەکول ئەزانم .. بەڵام لەهەمان کاتا بەردەوامم لە خوێندنەوەی چیرۆك‌و پەخشاندا بەشێوەیەکی گشتی‌و بەتایبەتی ئەوە هیچ کە هەموو چیرۆکێکی کوردی ئەخوێنمەوە ، ئاشکرایە کە هونەری چیرۆك نووسین لەبەر نەبوونی ڕەگ‌و ریشەیەکی قووڵی لەمەوبەری لەئەدەبی کوردیدا بەپێوانە لەگەڵ بەراورد کردنیا لەگەڵ هونەری هۆنراوەدا .. دواکەوتووترە .. چ لە ڕووی ئێسکی هونەری‌و چ لەڕووی بابەتەوە ، وەك خوێنەرەوەیەکی چیرۆکی کوردی ئەڵێم : گەلێ لە چیرۆك نووسەکانی ئێستامان چ لە ڕووی بابەتی ناو چیرۆك ، چ لەڕووی شێوەوە هەر بەپێ‌ودانی نووسینی ساڵەکانی چل‌و پەنجا ئەنووسن‌و جوونەوەو دوو بارەکردنەوە زاڵترە بەسەر داهێنان لەچیرۆکەکانیاندا ، ئەمە جگە لەوەی بەشێوەیەکی گشتی لەڕووی ڕەوانی زمان‌و ڕێزمانی کوردی‌یەوە پەشێویی‌و بێ سەرو بەرەیەکی زۆر هەیەو بایەخی کەمتر ئەدرێتێ .. من لە خوێندنەوەی چیرۆکی کورتی کوردیدا .. چێژی هونەری زۆرتروبەتایبەتی لەچیرۆکەکانی مامۆستا محمد مولود – مەم – و مامۆستا حسین عارف ئەکەم .

● **دوا بەرهەمت ؟**

– دوا بەرهەمم کە ئومێدم وایە لە کۆتایی ئەم مانگەدا بیخەمە بەر چاوی خوێنەرەوەی کوردی ، داستانی (کاوەی ئاسنسگەر)ی هۆنراوەیی‌یە کە بۆ شانۆ ئامادەم کردوە ، لەنۆ تابلودا کوبۆتەوە ، ئەم بەرهەمە تاقی کردنەوەیەکی تازەیە لەژیانی ئەدەبی‌ی خۆمدا .. پێشەکی‌و ، لێ‌کۆڵینەوەی ئەم بەرهەمە لەلایەن دوکتۆر ئیحسان فوئادەوە نووسراوە ، وە نیاز وایە لەئاهەنگەکانی نەورۆزی ئەمساڵدا لەلایەن کۆمەڵی هونەرو وێژەی کوردی‌یەوە لە سلێمانی بخرێتە سەر شانۆ دوای ئەوەی دەرهێنەر – مخرج –ی شانۆیی بۆ ئەم مەبەستە چاو بە داستانەکەدا ئەگێڕێتەوە .

● **کەی شیعر دائەنێیت ؟**

– ئەوکاتەی کە شیعر لەگەڵما ئەکەوێتە دڵداری‌ی ، چونکە بە بڕوای من ئەبێ شاعیر بەردەوام وەك دڵدارێك لەگەڵ ژیاندا لە تاریکی‌و ڕووناکی‌دا پەیوەندی گیانی پەیدا بکات ، لەلای من وەختێکی تایبەتی دیاری کراو نیە بۆ شیعر ووتن ، بەڵکو (کات) ئەکەوێتە دوای (کار تێ‌کردن)ەوە لە دنیای هەڵبەست خۆی‌دا ، یان ئەگەر بشێ بڵێین بەپێی زاراوەی (متصوف)ەکان دوای ئەو «استشراق»ەی گیان لە لەش جیا ئەکاتەوە ، ئەو کاتانەی کە هێشتا لە خەوی داهاتوودا ئەژین .. شیعر ئەو خەوەیە کە نازانم کەی ئەیبینم !

● **دوا کتێب کە خوێندوتەتەوە ؟**

– دوا دیوانی شاعیری بەسۆز ، خاوەنی دەنگی خۆشەویستی‌ی فەلەستین‌و دڵداری نیشتمان .. (محمود درویش) بوو – العصافیر تموت فی الجلیل – کە بەڕاستی لەخوێندنەوەیدا هەستم کرد بەوەی .. (مردن لەژیاندا) لەهەموو تاقی‌کردنەوەی ڕوژێکی تازەی – درویش –دا .. خۆشەویستی‌یەکی نوێ‌تر ، ئەبەخشێ بە بەهرەی گەورەی ئەو ..

کاکە شێرکۆ

(جەربەزە)

*

نالە ناڵی دەنگە زوڵاڵەکەی
کاکە شێرکۆ
لەسەر چیا بەرزەکانی
وەك زمناکۆ
بە شێرانە
دلێرانە
بەرەو دوژمن
ئەهاتە گۆ
لە ناو سەنگەری پر خوێنی
کوردی ئازا
باوەری بیری پیرۆزمان
نەئەبەزا
هەڵمەت بردن
بەرەو مردن
پیشەمان بوو
تا فیشەکمان
بە سنگی دوژمنا ئەچزا
تەپاو تلی خوێن مژانی
نەتەوەی کورد
لەژێر شەپۆلی هێرشا
کە ئەمان برد
هەتا بەردی
ڕەنگ زەردی
کوردستانیان
ڕوو سور ئەکرد
ڕۆژێك هەر وەکو ڕۆژەکەی
نۆی حوزەیران
گوللە لە سەر دڵی شێرکۆ
خۆی داچەقان
خوێنی گەش هێرشی هانی
کاکە شێرکۆ هەتا توانی
هاواری کرد
شادم ئەمرم بۆ کوردستان
لەگۆمی فرمێسکی تەڕا
بزەی لێوی هەزارەها
زەرد هەڵ گەڕا
کاتێ شەبەق
لە ئێسکی ڕەق
بۆ یەکەم جار
کردی گەڕا
ئێمەی هاوڕێی شێرکۆی شیرین
ماچمان ئەکرد
جێگای برین
بە گوللەی ناو دڵی شێرکۆ
کەسور بو بو وەکو پشکۆ
ئەمان نوسی
وشەی زێرین
لەسەر تەختی سنگێکی پان
نوسیمان کاکە شێرکو گیان
هەرگیز ئێمەش
بە خوێنی گەش
خەبات ئەکەین
بۆ سەر بەخۆیی کوردستان
(١٩٦٩ م)

هەنگاوی سەرنج

لەگەڵ هەنگاوی سەرنجا ،بەسەر شەقامی دێڕی ناو ،
تۆماری .. شاری مێژووا
بەناو کەلاوەی لاپەڕەی
چۆڵ‌و هۆڵی ڕابووردووا ،
لەگەڵ ئەسپی بێ جڵەوی .. سوار .. مردووا ،
گەڕامەوە ، بەرەو دواوە ، بۆدوور ڕۆشتم
بە پەیژەی خەوا سەرکەوتم
تابەپەیکەری تارمایی ، ژێرسێبەری
درۆی شانازی‌ی گەیشتم :
– صلاح الدین ...
ئەو خەنجەرەی لە هەڵمەتی داوەشانا
لەسەر دڵی کێلانەکەی خۆی هەڵچەقی
گۆی مەمکی دایکی خۆی بڕی‌ی
ئەو هەڵۆیەی لە سەرابی ڵاخنکا
ئەو بەیاخەی ڕەنگی سووری
بەسەر ڕووزەردیا تکا ..
– صلاح‌الدین ..
ئاگرێ بوو لەسەر لوتکە کرایەوە ..
لە دەریادا کوژایەوە .
هەتاوێ بوو .. لەسەر بەفرلە دایك‌بوو
بەڵام لەناو چنگی گڕەی ..
سەحرای دۆزەخا توایەوە .
– ١٩٧٠ –

پرسیارێکی بێ سنوور

چیرۆکی شانۆیی
نووسینی : احمد سالار
ئەندامی کۆمەڵی هونەرو وێژەی کوردی

جێگا : [شوێنی چاوەڕوانی شەمەندەفەرە ، چەند کەسێك لەپیرو لاو وەستان‌و هێندێکیش‌دانیشتوون‌و هێندێکیشیان پاڵ کەوتوون ، کێڵی چەند گۆڕێك دیارە] .

[دوو ڕێبوار]

یەکەم – وا تێ ئەگەم ئێرەیە ؟

دووهەم – بەڵێ وایە خۆیەتی

یەکەم – ئێمە سەیرێکی چوار دەورمان ناکەین تا بپرسین ، چ وەرزێکە ؟

دووهەم – با ڕۆژ ژمێرەکەم دەربێنم .. (گیرفانەکانی ئەگەڕێت) ئای چی لێ‌هات ؟.. ئاها بیرم کەوتەوە .. کاتێ تەرمەکەی زەردەشتمان ناشت ئەوکاتە ئەویشم لەدەست بەر بووەوەو کەوتە گۆڕەکەیەوە .. تازە وون بوو .. نەما !

یەکەم – لەبیرم نایەت کەی بوو ..

دووهەم – هەی گەوجە ! خۆ دوێنێ بوو .. لەبیرت چووەوە داوای هەورمان لەئاسمان کرد ، کەچی لەجیاتی باران بەتەرزەی گێڕاو قوڕی کرد بەسەر هەژاراندا‌و سەوزی نەما .

یەکەم – [بەگاڵتە کردنەوە] لێت تێ ناگەم ، وشەکانت لەقسەی دەمی بێ زبان ئەکا یا ..

دووهەم – [لەپڕا] ئەها ئێستا بیرم کەوتەوە ، ئەزانی لەچەرخی چەندهەما ئەژین ؟

یەکەم – یەك .. دوو .. هەزار .. چەند ؟

دووهەم – چەرخی بیستەم .

یەکەم – چۆنت زانی ؟

دووهەم – نەبوو کە کابرای ئەم بەیانی‌یەمان ناشت ، کابرای کوژراو لەجێگا زامەکەی سەر سنگی نووسرابوو – سەدەی بیستەم – .

یەکەم – [ئەداتە پێکەنین] .

دووهەم – ئەوە چیتە شێت بووی ؟

یەکەم – تۆ سەیری ئەمانە ناکەیت ؟

دووهەم – بۆچی ؟

یەکەم – لە جاڵ جاڵۆکە ئەکەن کە خۆیان لەدیواری مزگەوت‌و کلێسەکاندا بەند کردوەو هێندەیان چنیوە .. ڕێگەی هات‌و چۆی ئکۆلانەکانی بڕی‌بوو خەڵکی لەتاوا بەسەربانا هات‌و چۆیان ئەکرد ئەمانیش سەیری ڕێگای بینینی ڕێگەکەشیان لەخۆیان گرتووە .

دووهەم – وا تێ‌ئەگەم ئەم چەرخو فەلەکەی سواری بووین ناوەستێتەوە تا دارەکەی نەشکێ ، وای بەچاك ئەزانم بێینەوە سەر دەردی کات نەزانینەکە .

یەکەم – کاتمان بۆ چیە .. ئێمەش وەك خەڵکی‌تر .

دووهەم – ئەزانی ئەگەر چاوم ببێ هەرگیز دەست بە چاومەوە ناگرم با شاری کوێرانیش بێ !

یەکەم – بە هەڵەدا چوویت.

دووهەم – بەهەڵەدا نەچووم ، بەڵام ئەو وشەیەی کە پڕ بەپێستی ئێستای من بێت جارێ لە فەرهەنگا نەنووسراوە .. بگەڕێ ئەوەم پێ بڵێ ..

یەکەم – [پاش بیرکردنەوە] لەدایك نەبوو .. [نە ئەوەش نابێت] .. [دوای تۆزێ] .. بی برەوە .

دووهەم – با بڕوین .. بوەستین‌و چاوەڕوان بین !

یەکەم – ئەوە ئەو دیوارە بۆچی هیچ بنمیچێك ڕای نەگرتووە ..

دووهەم – کورە کوێریت .. ئەوە خەڵکن چاوەڕوانی ئەکەن .. تۆ وایان ئەبینی ..

یەکەم – لێیان ئەپرسم .

دووهەم – من وەڵامت ئەدەمەوە .

یەکەم – شتێکی سەیرە ..

دووهەم – سەیر نیە .. کە لەدایك بووم پێش ناونانم ئەم پرسیارەیان بەگوێمدا چرپان ، بەڵام من زبانم نەبوو .. بێشکەکەم وەڵامی دانەوە .. زبانیشم ببوایە وەڵامم نە ئەدایەوە .. تەختە وەڵامی پرسیاری‌وا ئەداتەوە ..

یەکەم – [بی برەوە] .. لەوان ئەپرسم ئەگەر منیش نە پرسم – شێرکۆ –ی کوڕم ئەپرسێت .. با من بپرسم .

دووهەم – شێرکۆی کوڕت ؟ خۆ تۆ هێشتا ژنت نەهێناوە ؟

یەکەم – لەدوا ڕۆژا .. پرسیارێکی دوا ڕۆژو ئەمڕۆیە .

دووهەم – بپرسە .

یەکەم – [ڕوو ئەکاتە کابرایەکی ڕیش سپی لەناو خەڵەکەدا] .. خاڵە ئێرەیە جێگای شەمەندەفەر بۆ شار ؟.

خاڵە – ئا .. چونکە باوکم ئێستا پێش ئەوەی بی‌نێژم ووتی لیرەوەیە .

[ئەوەستێتەوە سەیری ڕێگای بەرەو ژوور ئەکات یەکێك بەسەر دەست ئەڕوات‌و بەرەو ئەمان دێت] . ها کوڕم تۆ ئەوە بوویت کە ڕۆیشتی .. بەڵام بۆ وا ئەڕۆیت ؟

کابرا – چونکە سنوورمم شکاندو ملی ڕێگام گرت .. بەڵام ئەوێ نەبوو .. بیابانێکی چۆڵ بوو .. قەدەغە بوو بەو پێیانە سنوورم پێ شکاندبوو پێی بگەڕێمەوە ناچار بەسەر دەست هاتمەوە .. من زیرەك نەبوومایە ئەبوایە ببڕایەتەوە .

خاڵە – بەقسەی ئێمەت نەکرد .. ئەوە دەردت بێ !

کابرا – ئەرێ باوو باپیرم چی‌یان لێ‌هات ؟

خاڵە – تەماشاکە بوون بەگرد .

کابرا – پاچو خاکە نازێکم

پروانە ل ٧

هەواڵەکانی یەکێتی نووسەرانی کورد لە هەولێر

١ – دەستەی بەڕێوەبەری یەکێتی نووسەرانی کورد – لقی هەولێر لە کۆبونەوەی ڕوژی ٢٤_١٢_١٩٧٠دا بڕیاری داوە لەسەر بەستنی کونفرانسی لق لە ڕوژی هەینی ڕیکەوتی ١٥_١_١٩٧٠لە هۆڵی شارەوانی هەولێردا وە بۆ ئەم مەبەستەش نامەی ژمارە [١٨] لە ڕۆژی ٤_١_١٩٧١ ناردووە بۆ پارێزگاری هەولێر بۆ بڕیاردان لەسەری . جا بەم بۆنەیەوە تکا لەو ئەندامە تازانە ئەکەین بەزووترین کات پارەی بەشدار بوون‌و ساڵانە بدەن بە محاسبی لقی هەولێر یا بە یەکێتی نووسەرانی کورد – مەرکەزی گشتی بۆ ئەوەی هەویەیان بۆ بکرێ‌و مافی دەنگدانیان ببێ لە ڕوژی هەڵبژاردنا .

٢ – یەکێتی نووسەرانی کورد – مەرکەزی گشتی بڕیاری لەسەر وەرگرتنی ئەم نووسەرو شاعیرانەی خوارەوە داوە لە یەکێتی بەپێی نامەی ژمارە ٢٣٧ ڕوژی ٢٨_١٢_١٩٧٠دا :

١ – عزالدین فیض
٢ – محمد حویز
٣ – عمر ساقی حسن
٤ – علی عبدالله هەژار
٥ – محمد مەلا قادر لاجانی
٦ – عبدالکریم مصطفی هیرانی
٧ – مجید عمر ئەندازیار
٨ – سید أنور سید احمد بەرزنجی
٩ – بلال عزیز

هەروەها لە کاتی خۆی‌دا بڕیاری وەرگرتنی مامۆستایان عبدالصمد خانقاەو حسین عزیز ڕەشوانی داوە . بەم پێیە تا بەرواری ١_١_١٩٧١ ژمارەی ئەندامانی لقی هەولێر گەیشتووەتە (٣٦) کەس .

٣ – دەستەی بەڕێوەبەری یەکێتی نووسەران لقی هەولێر ، بەپێی بڕیاری ژمارە [٥] ڕوژی ٢٨_١٢_١٩٧٠ کاك جمال علی خدری دانا بە پەیام نێری گوڤاری نووسەری کورد . لە هەولێر .

نامەی شارەکانی کوردستانە

گەشتەکەی قوتابیانی بەشی کوردی

ئامادە کردنی أنور محمود

*

بەشی کوردی لە زانکوی ئاداب دەسکەوتێکە لە دەسکەوتەکانی میللەتی کورد دوای شۆڕشی ١٤ی تەموز ، وە ئەم بەشە دامەزراوە لە سالی ١٩٥٩ وەسەرچاوەیەکی گەورەیە بۆ پێ‌گەیاندنی کادیرو ڕۆشنبیرو لاوی خوێن گەرمی کورد وەتا ئیستا هەشت دەورەی لە مامۆستاو خاوەن زانیاری باش پێگەیاندوە . ئەم سال چەپکە گولی نۆ هەم بەریوەیە بۆ تەواو بوونی خوێندن . وە بەم بۆنەیەوە قوتابیەکانی پۆلی چوارەهەم بریاریاندا گەشتێك بکەن بۆ خوارووی‌عیراق‌بۆ شاری بەسرا بەبۆنەی ئەوەی ئەم سال دواسالیانە لە ژیانی قوتابیتی‌دا .

وە ژمارەیان گەیشتە ٢٨ کەس شەوی سێ‌شەممە کات ژمێری نۆ کەوتنەرێ بەشەمەندەفەر بەدرێژای ئەو شەوە بە گۆرانی‌و خۆسی‌و گالتەو گەپ برایەسەر هەتا دەرکەوتنی گزنگی بەیان . وەکات ژمێر ٥ر٦ی بەیانی گەیشتنە ئەوی پێش‌وازێکی زۆر گەرمیان کرا لە لایەن یەکیتی قوتابیانی کوردستان وە یەکیتی قوتابیانی نیشتمانی‌یەوە بران بۆ شۆینی ئامادەکراوی خۆیان وە ئەم گەشتە چوار ڕۆژی خەیاند ، وە رۆژ بەرۆژ گەشتەکە بەرەو سەرکەوتن‌و خۆشی دەرۆی . وەرۆژی یەکەم پاش‌حەسانەوە یەکی کەم ئۆتۆمبێل ئامادە کرابوو بۆ گەران بە ناو شاری بەسرادا وە ئیواری روویان‌کردە گازینۆی سندباد وەمانەوە هەتا درەنگ .

بۆ رۆژی دووهەم چوون بو زبێر ماوەیەکی خۆشیان لەوی بردەسەر وە شەویش لەیەکی لە گازینوکانی شەقامی کورنیش هەتا درەنگ بە پرۆگرامی هەمەرەنگەی قوتابیان بە شادی‌و خۆشی برایەسەر .

وە دوای دوو بەلەمی بچووك ئامادە کرابوو دەست کرا بەگەشتی ناو ئاو بۆ أم قصر وەگەران بە ناو (شط العرب) هەتا وەکو تاریکی بالی کێشا بەسەر هەموو لایەکا ئاخ .. ئاخ لەو وینە ووینە جوان‌و دل فرینانە لە ئیواریدا .

بۆ رۆژی چوارهەم بەیانی کات ژمێر وە هەموو رویان کردە دانیشگای بەسرە وەمیواندارێکی گەرم کران لە لایەن قوتابیە کوردەکانەوە پاش ئەوەی ماوەیەك بەناو هەموو دانیشگا داگەران‌لەدوایدا ماوەیك‌لەیانەی دانیشگا دانیشتن وەکرا بەهەراو گۆرانی‌و سەماو خۆشی وەتوانیان خۆیان بەقوتابیە عەرەبەکان بناسێنن وەمانەوە هەتا کات ژمێر یەکی پاش نیوەرۆ گەرانەوە لە پاش گەرانیکی کەم بەناو بازارو شەقامەکانا کات ژمێر چواری ئیواری گەرانەوە بەراستی کەناوی گەرانەوە هات هەموو وەکو خۆلی مردووی بەسەرا کرابێ وابوو چونکە حەزیان دەکرد درێژە بدەن بەگەشتەکە وەلەگەرانەوەدا ماوەیەك‌لەشاری عەمارەوکوت لایانداو حەسانەوە وە بەلام لە هەموو سەیرتر ئەوە بو لەبەر خۆشی‌و شادی‌و بەزم نەیان زانی ئەو ڕێگە دوورو وێژە چۆن رۆیشت وەکات ژمێری یەکی نیوەشەو بەگەیشتنە بەغا .

وە ئەم گەشتە لەناو هەموو قوتابیەکانی بەشەکەدا دەنگی دایەوە دەستیان ئەدا بەدەستا کەنەهاتوون . وە قوتابیەکانی پۆلی سێیەم بریاریان داو ، لە پشودانی نیوە سالا گەشتێك بکەن بۆ کوێت .

جا بە پیویستمان زانی کەوا لەم گەشتەدا چەند پرسیاریك لە دوکتۆر وقوتابیەکان بکەین .

● دوو پرسیار لە د. ئیحسان فوئاد

پرسیار : هەستت چی‌یە دەربارەی پیویستی سەیرانو گەشت کردن :

وەلام : بەلای منەوە ژیانی دانیشگا ئامادە کردنێکی پێشەکی‌یە بو ناو قوتابخانەی گەورەی ژیان ، چونکە لەلایەن بارەی پەروەردەیی‌وە قوتابیان گەیشتونەتە پلەیەکی پێ‌گەیشتوتر لە قوناغی خوێندەنیانا جا ئەم ئامادەکردنە تەنها بەوە پێك نایەت کە لە چوار چیوەی ژووری خویندنا قوتابیان ئاراستە بکرێن . بەلکو گەشت کردن‌و گەران‌و پێك هێنانی کۆبونەوەو ئاهەنگی یەکتری ناسین‌و وەرزشش ، ئەمانەش هەمووی بۆی هەیە چاوی قوتابیان زیاتر بکاتەوە ، زیاتر چێژو گەشەبدات بەژیانیان وەلەیەکتر نزیکیان بکاتەوە ، گیانی کۆمەلایەتی‌و هەرەوزی‌و خۆشەویستی ژیانیان لابەهێزترو پتەو تربکات .

لە لایەکی کەوە ئاشکرایە ژیانی دانیشگا ژیانێکی تیکەلاوە واتە کیژو کور بەیەکەوە ئەخوینن . جا بۆ ئەم چەشنە بزوتنەوە وکۆمەلایەتی‌یانە هەیە کە ئەم تیکە لاوی یەبکات بە شتیکی سروشتی‌و سوود بەخش بەوەی کە کیژو لاوی خویندەوارنمان یەکتری ، بناس‌وە لەیەك نزیك بنەوە وە ریزی یەکتری بگرن وە لەیەك گەیشتن لە دل‌و دەروونا بروینن دەمێکە وەختی ئەوە هاتووە کە رەگ‌و ریشەی ڕەوشتو خوی نەگریسی دەرەبەگی کە بە چاوی ئاژەلەوە وسووکی‌وە سەیری ئافرەت ئەکات . وە هەول بدەین لەبن دەربهێنن ، کیژو لاوانمان بخەینە سەر ڕاستە ڕێی شەقامی ژیان .

دیواری ئاسنی ژەنگاوی چەپەلە لابەرین وە هەلیتەکێنن لەم ژیانە نزمە ناسروشتیە دوری خەینەوە بو ئەوەی نەوەی داهاتومان بپاێزن لەم ڕەوشتە نالەبارە . جا ئەم هەنگاوە پیروزە ئەتوانری لە دانیشگاوە دەست پێ بکریت ئەگەر هەموو رشنبیرو خویندەواران ومامۆستایان هەست بەم ئەرکە بکەن وە نەبنە کوسپیك لە ئاستی راستی یا سەرشۆرو بێ‌غیرەت نەبن .. وە پیویستە ئەم بەرگە خاموشە دوور لە ژیانی کوردایەتی بدرینن . بو ئەوەی بتوانری ژیانیکی نۆێ بۆ نەوەی داهاتوومان بنیات بنین ، بەلام نەك هەر بەتەنها دلیان لە تەختەبی‌و زمانیان توزی پەناو سووچی کەلاوە کۆنەکان بلێسیتەوە .

پرسیار : هەست بەچی ئەکەی لەم ڕوژە خۆشەدا ؟

وەلام : بە دریژای ئەم گەشتە من زۆر خۆم بە بەختیار زانیوە وە بە تایبەتی ئەمرو کە روژی هەینی‌یە چونکە هەست بەوە ئەکەم کە قوتابیەکان هەموو روو خوش‌و بەختیارن وەنیشانەی کامەرانی لە رووپاندا ئەبینری بەم گەرانە وەبە تایبەتی لەلایەن یەکیتی قوتابیانی کوردستان‌و یەکیتی قوتابیانی نیشتمانی وەپێشوازیکی گەرمیان کردەین وەمیوادارمی یەکی باشیان کردوین . خوشی‌و سەرکەوتنی قوتابیانی بەشەکەمان لای من زور مەبەستە ، چونکە لە پیکەنین‌و رووخوشی ئەماندا بروسکەی هیوای دوا روژی گەشی نەتەوەکەم ئەبینموە بەدی ئەکەم .

● خوشکە ساهرە غلام :

ئەسەنی‌و بەهێز ئەبی . بۆ کردنی دانشتگای چی‌یە ؟

وەلام : گەشت کردنی دانیشگای سودیکی گەورەی هەیە بو قووتابیان وە ئەوەیە کە ئەو ئاشنایەتی دوستایەتی خوشك‌و برایانەی هەیە لە نیوانی قوتابیانا زیاتر پەرە ئەسەنی‌و بەهێز ئەبی . بۆ ئەوەی زیاتر چاوکراوە بین لە بەرەسەندنی ژیاندا ، نەختی دوور بینەوە لە پەستی‌و ناخوش ژیان ، ،

پرسیار : ئایا چیاوازی هەیە لەگەل گەشتەکانی پێشودا ؟

وەلام

لەماوەی ئەم چوار سالەمدا زۆر گەشت‌و سەیرانم کردووە لەگەل قوتابیەکانی بەشەکەماندا بەلام ئەوەی راستی‌بێ ئەم گەشتە یەکەم جارە شتی واروو‌بدا لە بەشەکەماندا وە ماوەی چوار روژ بخایەنی وە من زۆر هەست بەخوشی وکامەرانی دەکەم چونکە هەر لەم گەشتەدا توانمیان بو زور شوینی تر بچین وە سوپاسی قوتابیە کوردەکانی بەسرە دەکەین بەرامبەر بەوەی گەشتیکی زور ریك‌و پیکیان بو ئامادە کردین وە لە هەموو بارەیەکەوە یارمەتیان داوین .

● کاك ووریا عمر

پرسیار :

هەست چی‌یە بەرامبەر دانیشتوانی ئەم شارە ؟

وەلام :

دەمێ بوو ئەم بیست کە دانیشتوانی شاری بەسرە ، زۆر چاکن وەقەدری بێگانە نەگرن .. لەم گەشتەدا ئەم راستی‌یەم بۆ دەرکەوت، چونکە گەلی خزمەتیان کردین وەبەتایبەتی کەزانیان کوردین .

هەروەها ئەو کوردانەی‌لەوێ بوون زۆر بەگەرمی‌یەوە هاتن بەرەو پیرمان وەتا هاتینەوە بەجێ‌یان نەهێشتین وەئیمەیان گەراند لە شاری‌کە وە گەلێ شۆینی خۆشیان پیشانداین .

سەرنجێک



حمە کریم هەورامی
بەرێوەبەری دەورەکە

بۆ یەکەم جار لە مێژووی ژیانی نەتەوەی کوردمان بەگشتی ، وە پاش ١١ی ئازار بەتایبەتی ، دەورەیەکی پەروەردە لەلایەن‌میری‌یەوەبۆ ئەو رۆرلە دلێرانە بکریتەوە ، کە چەکیان سەرشان بوو لەریزی پێش‌مەرگەکانی کوردستان . لە هەمان کاتیشدا دەوریکی گرنگیان ئەدی بە بلاوکردنەوەی خوێندەواری لە قوتابخانەکانی کوردستانی ئازاد کراو ، بەر لە وەستانی شەڕی براکوژی، بەمە شۆڕشی کورد سەلماند بوو ، نەك تەنها ئەرکی سەرشانی ، شەرکردن‌و پاراستنی قەوارەی نەتەوەیی‌یە بەلکو پیویسیشە لە کۆری پێش‌کەوتنی کۆمەلایەتی‌دا ، دەوری خوی ببنی ، بی‌گومان یەکێك لە بنچینەکانی پێش‌کەوتنی کومەل بلاو کردنەوەی خوێندەواری‌و زیاتر کردنەوەی قوتابخانەیە ، بۆ بەچکە کوردەکانی ناوچەی شەر ، وە ئەم رۆلە دلێرانە ، واتە پێش‌مەرگەی ماموستا ، گیانیکی خو لێ بوردنّ بە ئەرکی نەتەوەی خوی هەلسا. ، بەیانی ١١ی ئازاریش لە ئەنجامی هەول‌و کوششی سەرکردایەتی پارتی‌و شوڕش، میری دەورەری پەروەردە بۆ ئەو پێشمەرگە ماموستایانە کردەوە کە بریتی‌یە لە یەك سال ، پاش ئەوەی دەورەکە تەواو ئەکەن یەکسەر ئەبن بە ماموستای قوتابخانەکانی رەسمی .. ئەوەی شایانی باسە بو یەکەم جاریش دەرس بە کوردی ئەخوینری لەگشت مادەکانی .. بویە منیش بە پێویستم زانی گفتوگۆیەك لەگەل بەریوەبەری دەورەی پەروەردە، ماموستا حمە کریم رمضان هەورامی بکەم ، بۆ ئەوەی دەست کەوتیکی تری نەتەوەی ریکەوتنی ئازار بخەمە بەرچاوی رای گشتی گەلی کوردی تیکۆشەرمان ، لە هەمان کاتیشدا ئاواتە خوازین روژ بەروژ گەلی کورد دەست‌کەوتی نەتەوەی‌و پێش‌کەوتن خوازی بەدەست بهێنی بە ئەنجامی خەبات‌و یەکگرتنی نیشتمانی‌و گشت هیزە خێر خوازەکانی .

« زاخۆ » د دیریکی دا ...

ژبەرهەڤکرنا : صالح علی گوللی

من گەلە پێ خوشە ئەز ڤی باسی لسەر باژێرێ (زاخو) پێشکێشی خونیدەڤانێت هێژا بکەم ، هیڤیدارم بدلێ وان‌بت .

دەمی ئەم بەرێ خو دکەین دیروکا زاخو ، ناڤێ زاخو برەوانی نابینین ، جونکی زاخوا هینگێ نەیا ئەڤرویە .

لپێشەهیکی دیروکڤانا لسەر باژێری (حسێنیکی) ئانکو (الحسینییە) یا نڤیسی ، دیروکڤان دبێژن : حسێنیکی باژێرەکە لسەر رویبارێ خابیری ئەوێ دەلتێت ژ چیایی (هەکاری) لکوردستانا تورکیاو لنك گوندێ پێشابیری (فیشخابور) دگەل (دجلە) تێکەل دبت .

باژێری حسێنیکی دگەفتە دووتانیا ریباری خابیری لدور گەزیتی زاخو (جزیرة زاخو) وئەڤە پاژیرەکی بەرکەفتی بی وئەو ژباژێریت جزیریێ مەزن تر بی دوەختێ (عەباسی) دا ، وپێشکەفتنەکا یەرکەفتی وەرگرتبی دکاروباریت ، بێلاییێ‌دا و (یاقوت الحموی) دبێژت دعالەما جوغرافیی‌دا (حسینیك) ئەوە یاکو ب (حسەسەن)ی بناڤ کری ، ئەو باژیرەکە دکەڤت رۆژ هەلاتا میسلێ لقوناغا دوو رۆژا نایەینا وێ ونایەینا جزیرە بن‌عمر واهاتیە دکتێبا _ معجم البلدان _ وخابیر خابیرێ حسینیکی‌یە ژباژێریت « میسل »ێ یە ولروژهەلاتا ریباریێ (دیجلە)یە کە ئەو ریبارەکە ژچیا دهێتە خواریێ ولسەر وی ریباری زور گوندێت هەین ، ودکەڤت ژوریا (میسل) وابنیاتا وی ریباری ژ زوزانا دهێت خواری .

ئو ئەو کەسێ پێ بناڤ کری ئەو (حسن کوری عبدالله کوریێ حمدان ابو محمد)ی یە والییێ وێ .

خەلکێ وێرێ بناڤ ودەنگ بین ژبو ئاین پەرستنێ ودنیڤا باژێری‌دا ئەینی گەهەك (جامع) یەرکەفتی هەبی لێ .

ودسالا (٤٣٣) مشەختی (غەزوا) ئێریش دا کورد وعەرەبا وتالان کرن هەتا کو پاشاهێ وان ڕەفی ومروڤێت ویێ باهرا بتر بەلاڤ یین دناڤ گزیتا (جزیرة) (بن عمرو) واقردی وبزبدی دپەنگت و (حسینە) و (فیشخابور)ێ ودەست هاڤێتن عزیەت دانا خوجهێت وێرێ ، وئەو ج هـ دوەختی‌دا هاڤنگەها خەلیفە وپادیشاهێت ئیسلامێ یین .

وئەو گوندێت لدورمانێت زاخو وەکي (العباسیە) وابناف کري ب (میر واثق سولتان حسین عەباسي) ، وگوندێ (کێستە) گوندەکە دیروکا وێ دگەهت دەمێ (ئاشووریا) ، پاریت ئاشووریا لوێرێ هاتبی دیتن لگەل پەیکەرێت ئاشووریا ویەونانیا وئیسلامێ .

حسینیکێ بەرە وپیچ بوون‌و چوو ژێ زێدەی ڕەندەکەکێ (محلة) دبێژنی ڕەندەکا (حسینیکێ) ، وپێش وێ ڤە دەست هاڤێتن ئاڤا کرنا گوندێ زاخو ، وخوجهێت (حسینیکێ) بارکرن زاخو ومیرێت(عەباسیا) زوّر خوتیەگەهـ ونڤێژگەهـ وخویندنگەهـ لێ ڤەکرن .

وئەگەر بێت وئەم ڤێ پرسیارێ گولێ ببین ژخویندەڤایت هێژا : نەرێ (زاخو) ژ چ هاتیە ؟

بەرشف لسەڤەیە ، بنیاتا « زاخو » ژ زمانێ عەبری یە ، یێ اهاتێ (زکاي) ودزمانێ یەونانی‌دا وێ هاتي (زاکخو)، یا وەرپێچاییێ ژ (زاکخو) ئانکو پیتا کافێ یاژێ هەلفراندي ، و (زاکخو) ناڤێ مەزن ترین سەروکي عەشیرەتا جوهیا بي ئەوێت کو ڤەگەریاین ژ (اسد بابل) بو (فلستینێ) ، ویازاناي ئەوە کە ووشا زاکخو گران بو لسەر زمانێ مە کوردا، وکوردا ژبو سڤکاتي یاگوتي (زاخو) .

جوهي لێ جێگیر بون پشتي مرنا مەلیك (بختنصر) ي .

زاخو بناڤ ودەنگ بي لنك (یەونانیا) بتر ژنك (عەرەبا) چونکە لسالا (٤٠١) ژبەري زاینێ ، یەوناني هاتن وهژمارا لەشکرێ وان (١٣٠٠٠) سێزدە هەزار چەگدار بین ، بقومامەنداریا (زەینفون)ي وئەو وەختێ ئەو دەستەك ڤەگەراین گەهشتنین چیایێ (یێخێري) لنك دەربەند زاخو (گەلیێ زاخو) میللەتێ (کاردوخي) ، وەختێ ڤیاین گنریتا زاخو دەرباز بن نەشیان نەشیان ناچار بین لنێزیکي (فیشخابور)ێ دەرباز بین .

ولسالا (١٠٠ ژ.ز) ژبەري زاینێ ئەمبراتووریێ رومانی شەرێ کوردا کر دکزیتێ‌دا (جزیرێ‌دا) وشیان (مابین النهرین) داگیر بکەن لگەل (ئەدیابین)ێ و (حضر) و (بلاد بابل) ، و ووشەیا (ئەدیابین)ێ بەرێ ناڤ نابو لسەر قەزا (زاخو) و (دهوك)ێ و (ئاکر)ێ وروژ هەلاتا (میسل)ێ ، وباژێرێ زاخو هاتە ڤەکرن لسالا (٢٠) مشەختي هەر لوي وەختێ میسل سڤاندي ئەگەر بێت وئەم بەحسا زاخو بکەن دوەختێ میرێت (عەباسیا) ، ئەم دێ بینین زاخو باژێرەك بي ژوان باژێرا ئەوێت کو دبن حوکمێ عەباسیادا وڤەگرێدای بي (بئامێدیێ) ڤە وپادیشاهێت بەهدینا ، عەباسیا زۆر هەول دان زاخۆوێ بەر فرەهـ بکەن، رابین خویندنگەهـ لێ ئاڤا کرن وجامع ومزگەفت وپر تایبەتی دوەختێ (سولتان حسین عەباس)ێ لسالا (٨٩١)ي مشەختي ، میر (حسن العباسي) زاخو وەرگرت وحاکمێ وێ میر (یوسف) دەرئێخست ئەوێ کو ڤەگرێداێ بخزمەتا میرێت جزیرێ لسالا (٩٣٥) مشەخستي ومیر (حسن)ي جێ‌گرێ خو هنارت ئەوێ کو ناڤێ وي (ناصر الدین العباسي) داکو پرەکێ ئاڤا کەت لسەر خابیرێ زاخو ، وداکو بساناهي بکەڤت بو دەربازبینا لەشکري ودەست هاڤێت پرا عەباسیکێ (الجسر العباسي) ئاڤاکر .

لسا (٩٣٥)ي مشەختي میر (حسن العباسي) فەرماندا جێ‌گرێ خو میر (ناصر الدین العباسي) پرەکێ لزاخو ئاڤا کەت ژبو ساناهي بینا دەرباز بینا لەشکرێ وي ودارێك بهێتە خوەش کرن نابەینا (جزایر بوتان) وزاخو وئامێدیێ ودهوکێ وشوش وکندیر .. هتد .

یامایی

پاشماوەی : ....

بۆ هاوڕێیەکی تازە

دوور بێت لە عەشق .. لە دڵداری
لە خەیاڵی هەرزەکاری
ژیانێکی تەرخانی خەبات
پڕ لە جۆرێکی تر ئاوات
ئەی فریشتە ..
منی عاشقی « ئەو ڕێیە »
ناتوانم عاشقی تۆ بم
ناتوانم هەرگیز لە گەڵ تۆو
لەگەڵ ئەو ڕێیەش ڕاست گۆ بم
ئەی فریشتە ..
باشتر وایە ..
قانونی ژیان وەهایە
لە دەفتەری تازەی عەشقا
لاپەڕەی ڕەشی من بەڕڕی
یادم لە خەیاڵا بسڕی
منی عاشقی ئەو ڕێیە
بۆ تۆ نابم
تۆش قەت نابێت بەو هاوڕێیە
کە ئەو ڕێیەم لەگەڵ ببڕێ

گیانێکی نوێ لە جوولانەوەی وەرزش لە شاری هەولێر

ئەتوانین بلێین جوولانەوەی‌وەرزش لە شاری هەولیردا باشە ، هەر چەند تەگەرەو کوسپ کەوتوتە بەردەمی ، بەپێی باری ئالۆزی کوردستان بەگشتی ، وە بەتایبەتی هەولیر بەلام جوولانەوەی وەرزشی لەنیوان کچان سست‌و کەم‌بووە لەبەر چەند هویەکی تایبەتی وەك :

١ – پاشی کەوتنی شاری هەولیر لەرووی ژیانی کومەلایەتی و گیدوەی ڕەوشتی کۆنە پەرستی بوگەن .

٢ – هەلۆپستی هەندی لەکاربەرەستانی میری دوژمن بەمیللەت وەك « بدر الدین علی » کە زۆر بەربەرەکانی ، جوولانەوەی وەرزشتی ئەکرد بەگشتی ، وە لەنیوان کچان بەتایبەتی .. بەلام ئەمرو کە بەپێی گورانی باری کومەلایەتی‌و سیاسی عیراق ، ولاواز بوونی بیرو باوەرو خورەوشتی کۆنەپەرستی ، وەرزش خەریکە پەیتا پەیتا هەنگاو ئەنی بۆ پیشەوە .

جوولانەوەی وەرزش لە نێوان کچانی هەولیر سالانی ٩٥٢ تا ٩٥٨ لە ٩٦٠ تا ٩٦١ کەم و زۆر باش بوو بەلام هەروەکو لە ئەنجامی چەند هویەکی تایبەتی ئەم جوولانەوەیە ڕێگای پێش‌کەوتنی گیرابوو ، بەلام لافاوی گۆرانی بەلام لاخاوی گۆرانی کۆمەلایەتی ، هیچ کاتیك بە پردی داری رزی بەربەست نابی ، بەلکو ئەوەی لەبەردەستی بووەستی ئەیهاریو وردو خاشی ئەکات .. نمونەی ئەم گۆرانە – هەر چەند بچووکو هەنگاویکی سەرەتایی‌یە – لەو یاری‌یە خۆی نواند کەپێی بریاری بەریوەبەرایەتی پەروەردە و فیرکردن بوو ،بۆ سازکردنی یاریەکی ڤەری بول ، لە نیوان تیپی وەرزشتی قوتابخانەی ئامادەیی کچانی هەولیر و قوتابخانەی ناوەنجی گەلاویژ ، پاش ئەوەی ئەم دوو قوتابخانەیە لەئەنجامی چەند یاریك لەنیوان ئەم قوتابخانانە کرا بوو : «الفنون البیتیە ، اعدایە أربیل للبنات متوسطە گەلاویژ ، متوسطە صلاح الدین ، متوسطە اربیل» ڕۆژی دووشەمەی ریکەوتی ٤–١–٩٧١ لەکات ژمیری ٣نیوی ئیوارەدا ، لە ژیرچاوە دێری بەریوەبەری پەروەردەو فیرکردن ماموستا محمد اسماعیل دەست‌کرا بەیاری لەنیوان تیپی ئامادەیی کچانی هەولیر و تیپی کچانی گەلاویژ بەئامادە بوونی یاریدەرەکانی بەریوەبەر لەگەل تاقمیك لە بەریوەبەرانی قوتابخانەکانی ، هەولیر .

یاری‌یەکە تابلێی خوش‌و رێك وپوخت بوو ، نمونەی گیانی وەرزشتی زور ئاشکرا بوو ، لە ئەنجاما ئامادەی کچان لە گەشتی یەکەما «١٥» خالیان وەرگرت بەرامبەر (١٠) خال بۆ کچانی گەلاویژ .

بەلام لەگەشتی دووهەما هەمیسان ئامادەیی کچان (١٥) خالی وەرگرت بەرامبەر بە(١)یەك خال بو تیپی گەلاویژ .

وە باشترین یاری کەری تیپی ئامادەیی بەرێز خوشکە **سوسن جمیل بوو** ، یەکیکە لەو کوردانەی وولاتی سوریا خیزانەکەی ئاوەرە بوون وە باشترین یاری کەری تیپی گەلاویژ بەریز خوشکە **سناد سلیم** بوو .. بۆ یەکەم جار تومار کرا بۆ تەلەفزیون .

ئەوەی شایانی باسە بەم نزیکانە چەند یاریکی تر ئەکریت هەروەها کچانی هەولیر خۆیان ئامادە کردوە بۆیاری کردنی « العاب السباق المیدان» لە مانگی نیسانی داهاتوو لە شاری مووسل .

institutkurde paris

لە ئامادەکردنی : محمود زامدار

١ ٠ ع ٠ – سلێمانی

تەماشاکەرانی ئێستگەی تەلەفزیونی کەرکوك لەشەوی ١-١-١٩٧١دا کاتێکی خۆش‌وشادیان لەگەڵ کۆمەڵی گەزیزەدا

چیرۆکی « خەوەکەی مامەلی »

بردەسەر لەسەیر کردنی‌چیرۆکێکی‌کوردی‌دا بەناونیشانی (خەوەکەی مامەلی) کە ماوەی‌سعاتێکی پتر خایاند وە بۆ یەکەم‌جار نیشان‌درا .

ئەم چیرۆکە کە یەکێکە لەچیرۆکە تەلەفزیونیەکانی مامۆستای هونەرمەند (عمرعلی أمین) ، وە کە هونەرمەند (حەسەن تەنیا) بە شێوەیەکی‌شانۆیی دەری‌هێناوەو نوێنەرانی تواناو سەرکەوتووی کۆمەڵی گەزیزە تەمسیلیان کردوە ، چیرۆکێکە کە گیروگرفتێکی گەورەی ئەوتۆ چار ئەکات کە زوربەی گەلی عیراق پێوەی ئەناڵێنێ کە ئەویش نەخوێندەواری‌یە .

لەبینراوی یەکەمی چیرۆکەکەدا نووسەر بەشێوەیەکی روون ئەو گیروگرفتانە نیشان‌ئەدات کە لەدەردی نەخوێندەواری‌یەوە پەیدا ئەبێت ، وەئەی‌سەلمێنێ کە کۆمەڵی نەخوێندەوار لەوەرگایەکی‌سەوزوتەڕە بۆ دواکەوتن‌و سەرلێ‌شێواوی ، ئەمەش لەوەدادەرئەکەوێت کەچۆن برزو (لطیف احمد) وە سیەتەدەمی‌یەکەی باوکی ئەگۆڕێت بەباریکی‌تردا لە دژی زۆرابی برای (کمال صابر) وە وە هەروەها لەپەنجە مۆرەکەی مامەلی (عمر علی أمین) وە ئەو نامەیەی کەبۆ سۆفی‌ولا دێت‌و (علی ملا محمد) ئەبێتە مایەی لێ‌دان‌و ئازاردانی خولەی کوڕی (بەختیار ئیبراهیم) ، ئەمە جگەلە کارەساتە خوێناوی‌یەکەی نیوان هەفراغا و جیهانانما .

وەکە نووسەر لەم داراتەدا مامۆستا مەلا ئەشرەفی لە خەستەخانەی شار نواندووە ، لەمەدا بەتەواوی پێکاویێتی ، چونکە نەبوونی مەلا ئەشرەف (کە رەمزی خوێندەواری‌یە) لەناو دی‌دا وەلەم کاتەدا ، حاڵەتێکی وای لەناو فەلاحەکاندا دروست‌کرد کە تەمسیلەکە بەشێوەیەکی تەبیعی بڕوات وە بە جۆریکیش کە فەلاحەکان خۆیان هەست‌بەنرخی خوێندەواری بکەن ، وە نەك خۆیان بەلکو تەماشاکەرانیش لەژیانی نەخوێندەواری پەست‌ببن . وە لەم کاتەدا کە هەموو زمانی حاڵیان هاوارئەکا : ئەی چار چیە ؟

لەم‌کاتەدا نووسەر فریایان

بڕوانە ل ٦

چیرۆکی شانۆی ترس

لەم دواییەدا چیرۆکێکی سەرکەوتووی شانۆکەری لە شاری هەولێری خوشەویست ولەسەر (شانۆی گەل)پێشکەش کرا لەلایەن تیپی هونەری یەکیەتی لاوانی دیموکراتی کوردستانی ،تێکۆشەرەوە کە لە نووسین‌ودەرهێنانی هونەرمەندی لاو طلعت سامان بوو ..

ناوەرۆکی چیرۆکەکە ،دەربارەی خوو رەوشت‌و نەریت‌وعەنعەناتی کۆمەڵایەتیمان بوو .. جامبازی‌و دودڵی‌وترسنوکی‌و جادوگەری دەس نیشان کردبوو .. پەردەی لەرووی داوێن‌پیسی‌و چاوچنوکی‌هەڵمالیبوو سەرنجیکی قوول بوو لە کارەسات‌و گیروگرفتەکانی (دێهاتی کوردستان) لەژێرسایەی رژێمی دەرەبەگایەتی‌گەندەڵ‌و بۆگەنا .. تیری کوشندەی رەخنەیەکی ئاراستەکراو بوو بۆ بەهاو پێوەرومەفاهیمەکانی کۆمەڵگەی بۆرژوازی نەوسن .. لەروخساری هونەریشا – تا رادەیەکی باش هەنگاوێکی سەرکەوتوانەی نابووەوە لەجۆری دەرهێنانی ئەم چەشنەچیرۆکە شانۆگەری‌یانە لەدنیای شانۆکەری کوردمانا .

ئەو هونەرمەندانەی کە بەشداریان لەم چیرۆکەدا کردبوو بەم پێیە بوو : (لەدەوری(لەدەوری (لەدەوری مامۆستاکان (عزیز خوشناو کریم) وێنەگر (عیدان صدیق) ناپلیۆن – واحد هاورێ) لەدەوری کوێخا (بایز عمر) لەدەوری خدۆ (سەربەست صالح) دابەشکەر (امیر رفعت) زورنابێژ (اسماعیل جمیل) گۆرهەلکەن (جمال کریم) وێنەگر (عیدان صدیق) کچی کوێخا (گەیلان یاسین) دەورێش (احمد رۆرۆ)فریشتە(شێرزاد محمد) شوان (رفعت سامان) جگە لە دەستەهونەرمەندێکی تر .

ئەوەی شایانی باس بێت‌ئەوەیە کە ئەم چیرۆکە سێ رۆژ لەسەر یەك بۆ (ژن‌و پیاو) پێشکەش کراو کۆمەلانی خۆی کردو جمهورێکی زۆریشی‌بۆ (هونەری شانۆ) پەیدا کرد . نابێ ئەو دەورە زلەش‌لەیاد بچێت کە مامۆستای هونەرمەندو بەنرخ (سعیدیحیی‌و بارزان خالد) گێرایان لە پروپاگەندەو ناساندنی‌خەڵکی بە زۆر کەمەند بەندی روی گەشی ئەم چیرۆکەشانۆیی‌یە بە خەڵکی شارەکە.

وێنەیەك لە چیرۆکی شانۆیی « ترس »

* *

رزگار سعید

جەمیلە نەرم‌و نۆڵ‌و نازەنین
جەمیلە روخۆش دەم بەپێکەنین
جەمیلە قەولی راستم پێ بڵێ
جەمیلە هەردو پێکەوە بمرین
جەمیلە جوان گەردەن بەرزەکە
جەمیلە پەژارەم لەدڵ دەرکە

⦿ ⦿ ⦿

جەمیلە لەشەقلاوە بەولاوە
جەمیلە تازە ئەمر دانراوە
جەمیلە فەقیرێکی وەکو من
جەمیلە دەڵێن جەرگی براوە
جەمیلە باسکت بۆ شەوێ
جەمیلە بەجووت خەومان لێ‌کەوێ

⦿ ⦿ ⦿

جەمیلە ئەو قورعانە بت‌گرێ
جەمیلە هێنات لێکت‌کردەوە
جەمیلە حەوت جار دەستت پێ‌دادا
جەمیلە بۆ مزگەوتت بردەوە
جەمیلە بەرۆکت بۆ دەرزیلە
جەمیلە قامکت بۆ ئەنگوستیلە

هونەرمەندی ناسراو « انور توفی »

مامۆستا انور توفی یەکێکەلە هونەرمەندە ناسراوەکانی کوردستان .. پێشمەرگەیەکی نەناسراوی دنیای دامەزراندنی هونەرێکی پێشکەوتو نەی ،کوردە .. پتر لە چارەگە چەرخێکە خەریکی هونەروسەری خۆی لەپێناو ئەم ئامانجە پیرۆزەدا سپی کردوە .. هەوڵ‌و تەقەلاو خەباتی لەم رێگا سەرفیرازەدا بەئاشکرایی خۆی ئەنوینی .. نیازی تەمەنێکی درێژو بەرهەمی سەرکەوتوانەی بۆ ئەخوازین .



پ : لەکەیەوە ماخولیای هونەرن ، چ جۆرە ریبازێك پەیرەو ئەکەن لەهونەرا ، پسپۆری‌تان لەکام لقی هونەرا هەیە ؟

و : ئەوەی لەبیرم بێت لە ساڵی ١٩٤١ دا لەمەکتەبی دارالمعلمین‌ی ریفی شاگردی مامۆستا قاسم ناجی بوم .. لەپاشا بوم بەشاگردی قاسم الخطاط وله دوایی با کەوتمە بەردەستی حافظ الدروبی وبهجت عبوش . لە ساڵی ١٩٤٣دا پۆلەندیەکان لەبەغدا پیشانگایەکیان کردوەو ، بەشداری ئەو پیشانگایەم کرد بەدوو لەوحەی زەیتی ..

هەر چ نواندنێك کرابێت لەدار المعلمین‌ی ئەوسا من بەشداریم تیا کردوە .. بەلام لەساڵی ١٩٥٦ دا خەریکی دەرهێنانی چیرۆکی (دلداری‌و پەیمان پەروەری) مامۆستا شێخ ابوبکری شاعیر (هەوری) بوم لەسەر شانۆی سلێمانی کوران .. لەهەمان ساڵ چیرۆکی (عطیل)ی شکسپیرم بۆ سانەوی ئێوارە دەرهێنا .. لەساڵی ١٩٥٧دا چیروکی (مەم‌وزین)م دەرهێنا .. لە ١٩٥٨دا چیرۆکی پیسکەی تەرپیری (مۆلێر)م خستە بەردەست .. جگە لەچەشنەها چیرۆکی بچوك بچوك بۆ قوتابخانەکان .. لە ١٩٥٩دا پیشانگایەکی تایبەتیم لەنەقابەی مامۆستایانی سلێمانی کردوە .. لەهەمان ساڵدا بەشداریم لەپیشانگایەکی لاوان کرد لە شاری (ڤیەننا) .. ئێستا سەرپەرشتی بزوتنەوەی‌هونەری ئەکەم لەسلێمانی ..

پ : ئایا رادەی هونەری کوردیمان لەچ ئاستێکایە – بەگشتی – وهونەری شانوگەری – بەتایبەتی – لە کوردستانا ؟

و : کوردیش وەکو هەموو میللەتێك هونەری تایبەتی خۆی هەیە ، بەلام تائێستا هونەری کوردی لە شێوەی – محلی – دەرنەچوە .. ئەوەش بەهۆی نەخونیدەواری ، میللەتەوەیە ، هەمیشە لەژێر چەپوکی داگیرکەرا خەریکی – دفاع – بوە لەزاتی خۆی بۆ ئەوەی بمێنێ . بویە نەیتوانیوە خەریکی هونەر بێت بەلام لەساڵی ١٩٣٠دا بزوتنەوەیەکی هونەری بەشێوەیەکی مام‌ناوەند سەری دەرینا تا ئاخری شەری جیهانی دوەم . ئەم شەرە نە شونمایەك پەیدا بوو کەزروفیش ناخۆش بوو ئەو نەشونمایە کز بوو بەلام بەهۆی چەند خوێندەوارو ئەدیبێکەوە .. جگەلە چەند قوتابیەك لەقوتابخانەی هونەرە جوانەکانا لەبەغدا .. جگە لەوانەی دەرەوەی وڵات خەریك بوون بۆ دانانی نباغەی هونەر لە کوردستانا .

شانۆگەری لە کوردستانا لەکۆنەوە هەیە بەڵام لەبەرگێکی ساکارا .. ئەو بزوتنەوەی ئێستا دورست بوە هیوادارم گەشەبسێنێ وبرەو پەیدا کات .

پ : ئایا هۆی دواکەوتنی هونەرو هونەرمەندەکان لە کوردستانا چیە ؟

و : نەبونی شانۆ ..نەبونی قوتابخانەی هونەری..نەناردنی قوتابی بو دەرەوە بو خوێندنی بەرز .. بەسووکی تەماشا کردنی هونەرمەند .. ئەم هوموانە – هونەرمەندیش – بێ تاوان نیە !!

علی نقشبندی

لەهەمە رەنك

خولێك دان

عبدالرحمن علی

ئەڤ خولێکدانکا مە گولی‌بوی لناف‌بەرا زرتەکی عیراقی (عەدنان قەیسی)و زرتەکێت ئەمریکی‌و ئنگلیزی‌و فرەنسی ، گەلەکا کەڤنەو وەسا نینە وەکی هندەك ژێ دبێژن کو ئەڤ یاریە یا نوی‌یە .

ئەڤ یاریە سەروەختێ رومانیادا هەبوو ، هەروەسا لکوردستانا مەژی‌دا هەبوو هەر پاشایەکی ئان مەزنەکی زرتەکەك هەبوو یێ خورت‌و بزاخ ، ئەوان پاشاو مەزنا گەلە چاڤێ خو ل زرتەکیت خو دکرو لی‌دگەریان کانی لکێری مروڤەکێ بتاقەت هەیە دا ڤریکەنە دویفراو دائینن بو خولێکدانی . گەلە جارا شەرتانێ ژی دهاتە کرن سەر هندی کێ دێ بسەرکەڤیت .

دبێژن حاکمێ میرسێڤدینا زرتەکەك هەبوو گەلکێ زەخم‌و بتاقەت‌و زاخ بوو.ل میرسێڤدینا کەس نەبوو خو لبەر سینگی بەلاڤێتن .

روژەکێ شڤانێ گوندەکی ژ گوندیت میرسێڤدینا لبەر پەزیی بو ،دبێن بخوازانی کو گەلەکێ بزاخە ، قەستا گوندی کرو گوتە وان :

ژنهو باشقە نابمە شڤانی‌وە، دێ چم خو لزرتەکی میری دەم .

وان ژی گوتێ :

دێ روینە مالا خو ، تە شولە بهندێ یە تویێ نانەکی دخوی ، تە دڤێ ئەوژی نەمینیت .

نەهەرێ شڤانێ مە کارێ خوکرو میرێ سێڤدینا تو لکیرێ ئەزێ هاتم ..

دبێن گەهشتە ویری و روژا باشتر ل مەیدانی خولێکدانێ ل ئامێدیێ هەمی کوم بون‌و حاکم‌و زرتەکی خو هاتن‌و زرتەکی پیتە بچو نەدکر .

دێ .. خولێکدان ، زرتەك یێ ژخو رازی بو ، ژبەر هندی بشڤانی دکرە کەنی ، شڤانێ خولیسەر بو مرنێ دکر .

زرتەکی هند دیت کو یێ لعەردی ، داخوو رابوڤە ، نەهەرێ شڤانێ مە جارەکادی بشتاوی ل ئاخێدا .. جارا سێ‌ژی هەروەسا ل ئاخێ‌دا .

دبێن حاکمێ میرسێڤدینا گەلە پێ مەندەهوش بوو ڤرێکرە دویفراو خەلات‌کرو کە زرتەکێ خو .

ئەڤ چیروکە نیشانەکە ژبو راستیا قەسا لسەرێ بەرپەری مە گوتی کو خولێکدانك یاریەکا کەڤنە .

کەیف خوشی عمر سلێڤانی بو مە یا نڤیسی کاغەزەك دەربارەی ، مروڤێ قەسا خو نەئینیتەڤە ، یێ شولی ئەڤرو بو سوبەهی دهێلیت ، یێ ڤە شول کەر ورێنج بەر ، بی کەودەن ، دبێژیت ، مروڤەکی ڕەزەکێ (مێوا) هەبو ، و ئەو دمالاخو دا یێ بوش بو ، ورێنج‌بەری دکر ، سالەکێ شولێ وان بو گەلەك نە گەهشتن ڕەزێ خو بکولن ، باران زوی (بڕ) بون و پەلێ وێ سالێ زوی کەفت پاویزێ عەردێت هەمی گوندی هشك بون – پەق – پەق بون –

بەرسف

شاکێت مێوا بسەر کەلەکا داچون – گیا بەژنەکێ لناڤ ڕەزێ بلند بو ، کێڤریشکەکێ (لەندا) خو د سەرێ ڕەزێ وی دا چێ کر ، بو وەختێ وێ تێژکێت خو کرنە هێلینێ ، تێژك هێژ د ساڤا بون ڕوژەکێ کێڤریشکێ دیت مێرك دگەل کوڕێت خو یێ قەستا رەزی دکەت وهەر ئێکي (مەڕەکا بمەترکە) یا لسەر ملی ، تێژکا ئاگەهـ ژێ بو گەلەك ترسان، گوتەئێکودو ، ئەڤرو دیماهیا ڕوژێت مە دێ هێت ، ئەڤە گەلەکن و دێ بشەوق ڕەزی کولن دێ گەهنە سەر لەندا مەو دێ بدەستا گرن – (ئەم نە شیێین خو قورتال کەین دەیکا وان خو نیزیکی وان کر، گوهـ لێبو یێ بەروکێ ڕەزی لخو و روژا لێك ڤەدکەن ، پاشی بابێ گوتە کوڕێت خو ئەڤرو بو درەنگ دا بزڤڕنیە ، ڤە ، دێ سوبەهی هێین کولین تێژکا گوتە دەیکا خو ، مە ڕاکە و ببە ژ ڤێرێ دێ خودانێ ڕەزی مە گریت ، دەیکێ گوتێ: نە ترسن ، ئەڤرو زڤڕینە ڤە ، ڕوژا پاشتر هاتنە ڤە ، بابێ گوتە کوڕێت خو ، ڕەزێ هشك بوی ، دەمێ کولانێ ژێ دەرکەفت ، بلا چاك ب (بەیت) پاشی ، سێ چار روژێت دی دێ هێین ئاگری بەردەی‌نێ ، و دێ میوا برین سالا پاشتر دێ ژ سەرو ژ نوی کولین ، دێ بیتە خرابة و ژ نوی تریێ چاکێ گر دێ دەت ، زەحمەت وتالیی‌یێت مە دێ بنە جارەك ، و زڤڕین چونە مال ، سێ ڕوژا کێڤریشکێ خو گرت ڕوژا چارێ گوتە تێژکێت خو هوین دێ شین ب پیا چن ، رابن دا بچین ،

گوتنێت مەزنا

کومکرنا : عبدالرحمن مزوری

● – ل هیڤیا دەرا ، خولیا بسەرا .
● – مێری چاڤ ل دەر ، ژنا خولی بسەر .
● – دێ مری بوی دەردی نابینی وی ئەردی
● – نەترسە ژ بەفرا گولین‌و هورچا نیرین‌و مێری گەفین .
● – خودێ چیای دبینیت . لەو بەفرێ لێ دبارینیت .
● – جیڤێ ستویرە ، ئارێ هویرە .
● – زکێ تیر هاژ برسی نینە .
● – خەتێ خار ژ گایێ پیرە .
● – سەر رەشی‌را چ رەنگ نینن .
● ئەگەر ئاگر بەربوو دەصلی شین‌و هشك دێ تێ‌چیت .
● یێ دیسکێ چێ‌دکەت ، دشێت چمبلا ببەتێ .
● یێ نە ل گوڤەندێ ، مل سەمایە .
● نە ئەورێ گوڕگوڕی ، نە مێرێ گرگری .
● خودانێ ملکی ، ناهێت خولکی .
● سەرێ نەئێشت نەهەوجەی دەرسوکێ‌یە .
● کچ تەشیا دایێ درێسیت کور تەڤنێ بابێ دکێشیت .

ڕەجەب

د وەختێ حاکمێت میرسێڤدینا حوکم دکر لجهێ بەهدینا ، (ئەڤ بنە مالە ددیار بون لجهێ بەهدینا دبێژن پێشی یێ وان لجهێ شەمدیناد ژی ، دهێتە گوتن کو ئەڤ بنە مالە ژ ڕێشتا عەباسیا نن‌بێ لناڤ وان گەلەك دیان بوین: (السلطان حسین الولی) نوکەزیارە تێ وی یێ ل کەلا ئامێدیێ .. و (الامیر بهاء الدین) ئەوێ جهێ بەهدینا پێ نیاف کری .. و (تمر بگ) ئەوێ‌تانجێ (محمد) پێغەمبەر (ص) د گێڕا لجهێ بەهدینا،و ملاەت‌ژ دویر د هات بو دیتنا شوین و کەرستێد پێغەمبەری (ص)..و (الامیر سیف الدین) ئەوێ ئەڤ بنە مالە پێ ناڤ کری .. د وەختێ حاکمەکی ژ وێ بنە مالێ حوکم د کر لئامێدیێ‌د بێژن خزینە ڤا بو چ پارە نەمان شول و کارێت جهی یێ‌برێڤە ببەن ، حاکمی جابا وەزیرێ خو ڤرێ کر کو چارەکێ بکەت .. وەزیرێ وی یێ شەهرەزا بو گوتێ : حاکمی‌خوش بیت ڕێکا لنك من حاکمی گوتێ : دێ چ کەین !! وەزیری‌گوتێی : فەرمانەکێ دەرێخە.. چ یێ ناڤێ وی ڕەجەب ..چنکو ئەڤ ناڤە یێ زەحفە لناڤ مللەتی .. و چ یێ‌ڕدال .. و چ کەسێ کەچەل و هەر چ کەسێ بیرکەر .. وهەر چی یێ بچاڤەکی .. هەر چ کەسێ تشتەك ژ ڤانا لنك‌بن (٢٠) قرانا ژێ وەرگرن .. دێ خزینە تژی بیتە ڤە ..حاکمی فەرمان دەرکر و هەیتە ب مللەتی ڕا بەردان .. هندەك‌ژ وان گەهشتنە بەر گوندەکی دیت مروڤەکێ لپشت گوندی‌لناڤ زەڤیەکێ یێ ڕیسێ خو ڕاد چینیت ، هەیتا گوتە ئێکودو .. ئەڤە مە بیرکەرەك دیت چونە نێزیك گازی کری وەرەڤێرێ .. بیرکەر چو نك ، وان ژێ گوتێ : کابینە (٢٠)قرانا .. ئەوی ژێ گوتێ : بو چی بدەم وان گوتێ : حاکمی‌یا فەرمان کری .. هەر بیرکەرەکی (٢٠) قرانا ژێ‌وەرگرن .. ئەوی ژێ گوت : ئەز نا دەم .. هەیتەکی هوبەرێ خو دایێ دیت یێ کورەیە ژ چاڤەکی گوتێ : ئەڤەبونە (٤٠) قران لسەر تە بیرکەری گوت : بەڕەز مانقرەکێ‌دەم .. هەیتێی‌کی دارەك لسەری دا کولاڤ دەرسوکژ سەرێ بیرکەری پەشین دیت یێ کەچەل .. گوتنێ‌ئەڤە بونە (٦٠) قران .. بیرکەری گوت : ئەز نا دەم ،هەیتا دا بەر دارا .. لقیرێ یێت وی خەلکێ گوندی ژن ومێر و بچیك لدیف حەشامەتا وان دەرکە فتن دیت هەیتەیێ بیرکەری د قوتن .. ئێکی گوتە ژنا بیرکەری وەرە مێرێ‌تە هەیتا کوشـ

شەڤاتاری

محمد أمین مزوری

شەڤا تاری نەخوش‌شەڤ بوو
سەر من داهات گران بار بوو
چ ئاستەنگ بو چەند گران بوو
گران کابیس نە قورتال بوو

چەندێ گێژم چەندی بێژم
ئافریا خو نەشێم‌ڕێژم
ژبەر بەندا هەردوولێڤا

هندی بکەم هەرێ گێژم
ژبن لێڤا من‌کز قیری
هەوارە ئەی شەڤاتاری

چ بوو گونها من‌ئەڤرو
گریدام ئەز ژ ئەزمانی
کولەوارو اهەژارم‌ئەز

بریندارو خوین‌ڕێژم ئەز
هەتا کەنگی حەلینی بەز
لناڤ پەوانی بەردەی لێ بەز

هیڤی دکەم ئەزژ خاقانی
سەر من راکەت‌گران باری
ما ئەز باغم دێ من‌کێلی

ما ئەز دانم دێ من‌هێری
هندی مابوم لژڤانی نی
کو ژمن بکەت‌ژی بسیاری
بەلێ چ بکەم دلێ‌تاری
ما بو بتنێ لسەروی حالی
چەندی دکەتە قێری‌و گازی
کو ڕێزکاربیت ژئەوی دەردی
هەتا نیڤ شەڤ‌ژێ تێن نالین‌ژێ تێن نالین
دەنگا ڤەددەت لئەسمانی

یامای

بە بۆنەی یادی تێپەڕبوونی هەشتا ساڵ بە سەر لە دایك بوونی شاعیری کلاسیکی لە ژیاندا ماوی کورد «عاصی» ·

زۆر خۆشە تا شاعیروزانایانی کورد لە ژیاندا ماون ڕێزو نرخی خۆیان پی بدرێ نەك لە دوای مردنیان بکەوینەڕو ڕۆو پەنجەی پەشیمانیمان بگەزین !

عاصی
١٣١٠ی کۆچی

کەریم شارەزا

کەوی قەد پاڵی باواجی و هەیبەسولتان ، بولبولی خۆش خوانی باخی ئۆمەرخوچان ! ئیماندارێکی پاك و پێگەیشتوو ، مەلاییکی پیتۆڵ و تێگەیشتوو ، ئەستیرە گەشەی سەر ئاسۆ ، غەمخوارێکی شارەکەی کۆ ! چیشتووی تاڵاوی کەساسی مەردێکی لە دوژمن عاسی ·

(عاصی)ناوی مەلا مستەفایەو کوردی مەلا رەسووڵ کوری مەلامحمد کوری مەلا عوسمانە · لە سەر دەمی باوك و باپیرانی ، بنەماڵەیان لە گوندی (خرابە)ی کۆیە دائەنیشتن ، بەلام لە بەر هەندێ هۆی تایبەتی شوێنی خۆیان بەجێ هێشتووەو پەریوونەتەوە بۆ ئەوبەری (زێی کۆیە) و لە دێی (تەلان)ی سەر بە ناحیەی (سووورداش)جێ گیر بوون · (عاصی) لەم دێیە لە ساڵی ١٣١٠ی کۆچی لە دایك بووە ، وهەر لەوێش گەورەبووە و خوێندوویەتی و ژنی هێناوە ، چەند ساڵیك مەلای گوندان بووە ، لە دوایی داروی کردوەتە (کۆیە) ·

(عاصی) لەکاتی هاتنی ئینگلیز بۆ کوردستان لە شاری کۆیە ئەبێ ، وە کە نوێنەری بەرزی بەریتانی (سێر هینری دۆبز) سەردانی کۆیە ئەکا و لە لایەن کاربەدەستان و پیاو ماقولان و قوتابیانەوە پیشوازی ئەکری و چاوی بەم دیمەنە ناشیرینە ئەکەوی و گوێی لە دەنگی قوتابیان ئەبێ بە شەرقی (سرووود) ی :(یاخوا بەخێر بێ زاتی کیرامی ، سێر هێنری دوبز) · میوانی داگیرکەری ئازیز بەخێرهاتن ئەکەن !!هەستی دینداری و کورد پەروەری جۆش ئەسێنێ و هەلبەستیکی دوورو درێژی پتەو لە دژی داگیرکەرو پێشوازی کەرانی داناوەو هێرشیکی توندی بردوتە سەرقوتابیان و کاربەدەستانی ئەوسای شاری کۆیە ، هەلبەستەکەشی لەژێر ناوی(ئەهلی مەکتەب) ئەبێ ·(خۆی حەز ناکا لیرەدا بلاوی بکەینەوە) کە ئەم هەلبەستە بە ناو میللەتا بلاو ئەبێتەوە ، کار بەدەستان زور پێ تێك ئەچن و بۆماوەییکی دوورو دریژ دووری ئەخەنەوە بۆ دەرەوەی هەرێمی قەزای کویە ، لە دوای نیشتنەوەی رق و کینی میری ئەگەریتەوە کۆیە وا ٤١ ساڵە بەسەریەکەوە لە کۆیە نیشتەجێیەو بۆ ماوەی ٢٤ ساڵ امامەتی لە مزگەوتی گەرمووکی کۆیە کردووەو ئێستا خانەنشینە ·

عاصی زۆربەی هەلبەستەکانی لە بابەتی کومەلایەتی و تصوفەوە ئەدوین و شاعیریکی کلاسیکی (جیلی) کۆنە · عاصی لە هەڵبەستیکی ئایینیدا دەخالەت و هانا ئەباتە بەر (پێغەمبەری مەزن د·خ) بۆ ئەوەی میللەت لە ئاگری فیتنەو پاشاگەردانی بپاریزی و ئەلێ.

یا رسول الله دەخیلە ، من
دڵم غەم خانەیە ،
ئاگری فیتنە هەلایسا ،
عالەمیش پەروانەیە !
قەترە فرمێسکی هەتیوو
ئاهی مەزلووم و فەقیر
دوورنیە ئاسمان کە ڕەش کا
، پێی بلێن خمخانەیە !
بێ شعوورو بێ دەماغە هەر
چی دەبینی دەڵێ :
گشتی سەرخۆشە بە جارێ
مەستی ناو مەیخانەیە

وە لە دوایی هەلبەستەکەی دا ئەلێ

حوکمی قورئان و حەدیث و
شەرعی ئیسلامی هەموو
رەغبەت قەدری نەماوە
دین و دنیا ئانەیە !!

عاصی لە روژانی رەشی شەری برا کوژی نیوانی کوردو عەرەب ئەم هەلبەستەی ووتوە:

گرمە گرمی توپ و صارووخ
، نالەیی منداڵ و ژن
کور دەڵێ : ئەی دایە هاوار
، داك دەلی :هاوار لەمن
زیرە زیری چەرخی دەبیابە
ش لە سەمەرخاکی وەتەن
روو لە کوێ کەین یا ئیلاهی
دێتە دوامان کون بە کون
قونبولەو تیزاب و بومبا
جەرگی سووتاندین خودا
قەت پەناو مەلجأ نەماوە

پروانە ل ٧

ڕازێکی شێواو ؟!

ح · ع · قەڵادزەیی

مەلی خەیاڵ گولزاری بێ سنوری ئەوێت و هەست و دەرونیش داوای شەوگاریك ئەکات کە نە مۆمی بسوتێ و نە پەروانەشی بخەوێت ··· بەلکو هوزارەکەی بەردەوام لەئاواز خویندن دابێت ·دلیش بەقسەی نالی قایل نابێتو روو لە چاوی پر لە خۆینین ناکات و گویش نادات ە ئاوی بارانی بەهار ·· ئەی ئەبێ چی بویت و بەنیازی چی بێت؟ کانی مانگا ئیمرو شوینی ئاوی حەیاتی گرتۆتەوەو سەریش لەجێگەی پێ ئەنرێ ·· هەزار شەوگار شەق بکریت نابێ چاوەروانی هیچی لێ بکریت !

(رەهێلەی بێوەرزی) و ! (شانوی کۆن) و ! (بڕی مروڤ) ! تاقە تۆزقالێك باری سەختی گران سوك ناکەن وەنەك هەر ناتوانن بەلکو هەر ڕێی پێ نابەن · چونکە ·· نەئامرازم و نەبرغوونە بوکەشوشە ·· من منم !·· ئەو نهێنیە پیروزەم کە خۆم نەبی کەسێ دەرکی پێ ناکات ·· وەهەر بەوەشەوە دلخوشم و نیشانەم پێکاندوەو گرەویشم بردوتەوە ·· بگرە لەوسەریشەوە هاتومەتەوە ·· بەدرێژایی دوینێ بەشەوو روژیەوە ·· ئای کە شەویکی سەخت و دل رەقبو زەردەی بەرەبەیانی دابۆ بەر کوتەك و ئای لەو بەرەبەیانەش کە چاوەریم کرد ·· بەلی بەدرێژایی دویسیو کارەساتیەوە ·· ویل بوم بەدوای شتێکا کەهەر خۆم نەیزانم و کە بە تەنها حونیامە ·

کەچیزۆر لەسێبەری زیبوازیکی نەشارەزا ئەچوو ·· هەرچەندە ئەرویشتم نەی ئەگەیشتمێ؛ هەناسە برکێم پێ گەیشتبوو لە قولای دەرونەوە تاسەی گەرانەوەم ئەکرد بۆ ئەوەی هەر نەبێ ئەویش بەدوام کەویت بەپێی یاساکانی سروشت ·· تۆ بلێی ئەو توانایەم هەبێت ·· تۆ بلێی·· ئەم پرسیارە ویستی لەخشتەم بەریت ·· نا ·· نا ، نابێت بەناچاری ملی ڕێگام گرتەوە بەر بەرەو پێشەوەو بریاری ئەوەم دایەوە کە بەهیچ جۆریك نابێت ئاور بەرەو دواوە بدەمەوە ·· لەگەل گەردەلولی چارەنوس و توف و رەهێلەی گوزەراندا لەزوراندا بوم وەهەندی جار گومان و مەترسی رامالینی خومم ئەکرد ·· کەچی برواشم بەوە هەبوکە بەرەنگاری کردنی مەترسی و سامناکی لەزەت و تام و خۆشیەکی هەر تێدایە لەگەل ناخوشیدا واتە دوو رواڵەتی هەیە ·· جار جاریش ئەم ووت چی ئەبێ بابێ ·· گەردون لەبەر ئارەزوی من لەگەر ناکەوێ و هەر لەچیکەنە رستنی خۆی بەردەوام ئەبێت ·· من منی جارانم با رواڵەتیشم جۆریکی کە بێت ، با قسەکانم تەرو پاراوتر بێت ·· بونو نەبون هیچ جیاوازیەکی نیە جگە لەوەی لەنوسین و قسەکردنا نەئێك دائەنریت و جاریکی کە لائەبرێت یاخود ئا ئەبێت بە نەو بەپێچەوانەوە ·· بەلام هیچ شتێکی پی ناگۆڕی

ئەگەر ئەو نەئە بە ئوتومیش بنوسریت یان بە ئالتون ·· چونکە ئائیستا لەنهێنی بوون نەگەیشتوە هەر شوێنەواریشی هەلنەگرتوە ، برواش ناکەم کە بەلای قسەکەی سوقراتدا چووبێت کەئەلی یەکەم هەنگاو خۆ ناسینە ! وەئیستاش ئەو وشەیە بە بێ گیانی لە سەر دەرگای پەرستگای ـ دولفی ـ نە نوسراوە بەلکو بەبێ گیانی لەدەم هەمو کەسێك دێتە دەرەوە هەروەکو دوکەلێکی بێ رەنگ و بێ پارسەنگ و بون !

رەهیلەکە سەر لەنوی هەلی کردەوەو تەنگی پێ هەلچنیمەوە ، چەند هەنگاوێك لەجێگەی خۆمدا بەرەو دوای گێرامەوەو بڕوای بەشتەکەی کە بەجۆشەوە بەدەورمدا خولی ئەخوارد بەتین ترکرد ، وەسەرنجیشی راکێشام ·· بەرامبەری راوەستام و لوتم بو بەلوتیەوە ، لەنیوان گومان و راستیدا گێژە لوکەکە ئەی گرتە خۆ ·· ئەو مروڤەی کە بەدرێژایی ژیان و تەمەنی بەشێو شلەژاو سەرلێ شێواوەو بەدوای شتێکدا ئەگەرێ وەکو لێی وون بوو بێ و نازانێ لەکوێ و ئەو شتە چیە ، بەلام هەر شەیدایەتی و توانای دەست لی هەلگرتن و واز لێ هێنانی نیە ! وەلەسەر ئەم ری یە بەردەوام ئەبێت تاوەکو بەیانیەك لەحەوسالان راست ئەبێتەوەو گیانی دەرئەچێ ·· بەبێ ئەوەی گەیشتبیتە ئەنجامێك ، هیچی بۆ رون بوبێتەوەو لەهیچ نهێنیەك گەیشتبی و گرێیەکی کردبێتەوە

بەلکو شانویەکی سواوو کۆن کۆتای دێ و پەردە کەی دائەدریتەوەو سەر لەنوێ هەمان بەزم دەست پێ ئەکاتەوەو دەرگای شانویەکی کە ئەخریتە سەرپشت ···! کەواتە ئەبێ تاوانی من چی بێت لەوە زیاتر کە بەبێ پرس ورا هەلەیەکم دەرهەق کراوەو بەر پرسیارم بەرامبەری ئەویش بونمە ! کی ئەلی کەلێیان پرسیبامایە قابل ئەبووم لەیەکەم رۆژەوە ·· بەلام ئەوا بوون بو نەك نەبوون هەرچونی بێ ئەبێ بلێین : مروڤی زور لێ کراو لەبەر دەم ئەو بوونە تووناکە رەدا ئەبێ چەند پرسیارو مەسەلەیەك بخولقینی و هەولی چارەسەرکردنی بدات و لەگەل زانینی ئەوەی کە ئادەمیزاد تاکە گیان لەبەرە کە کەوتۆتە گێژاوی ئەو مەسەلەو باسانەو ئاوالە کردنی لەسەر سفرەی بیرو لێکولینەوەو خۆپێوە خەریك کردن ·· دور نیە کە تاوانم تەنها ئەوەبێ کە ئەمەوی لەونهێنیە بگەم کەبە زۆر بەسەرمدا سەپینراوەو من لێی بێبەریم وەئەشلیم :ورینەو بێ ئاگایی هەندی جار لەهوشیاری بەلەزەت ترە وە ئەگەر ئاسودەبیت ئەوێ ئەوا قاوغی عەقل و یاساو نەریت و مەنتق بشکێنە چونکە مەلێکی بچوك نیت بخریتە قەفەزەوە پێویستی جلاو چل کردن و ئاوازی جور بەجۆرت هەیە با ئاوازێکیشیان ناخۆش بێت بەلام تاڕادەیەك هەر خۆشە ! !

مندال باش بەیدا بوونی بۆچی ئەگری

م · کاردوخی

ئەزانی منال ، ساوای بێ تاوان ··
کاتی پەیا بوون ئەیکا بە گریان
پاش رزگار بوونی لە شوێنی تاریك
بەلەشی لاواز دەست و پێی باریك

لەوێ هەرچەندە خوێن بوو خۆراکی
شوێنی زیندان بوو! بەبێ رووناکی
لێرە خواردنی شیرەو شرینی
جێگای فراوان پاك و بەرینی
لێرە جێی خوشەوهەوای ئازادە

کەس و کاریشی دڵخوش و شادە
کەچی ئەبینێ بەشین و زاری
بەقیرە قیرو بەبێ قەراری

ئەیکا بە گریان ،هەر یەکەم سەعات
بو ئەو بەدبەختیەی کە بەسەریا هات
ئەگری بۆ ژینێ دوایی پەستی یە
بەزۆر مردنو بێ سەربەستی یە
بەسارهاتی خۆی ئەبینێ بە چاو

ئەگری و ئەرێژێ فرمێسك و هەناو
بۆ هاتن ، مردن ،بۆ ژین ، بۆ دونیا

بۆ کەساسی خۆی کەچی پێ کریا
ئەگری بۆ ژینێ دوایی مردن بێ
گیانی خۆشەویست بەزۆر بردن بێ

پاشماوەی : خەوەکەی مامە لی ·

ئەکەوێت ، مامۆستا شەماڵ (حەسەن تەنیا) وە کچە بچووکەکەی گەزیزە (گەزیزە) دێن بەسەردانی ماڵی خاڵی لەو دێیە ، وە بەم جۆرە تەماشاکەرانیش لەو پەستی یە رزگاریان ئەبێت وە چاوەڕوانن شتێك روو بدات ·

گەزیزە نامەکە بۆ سۆفی وڵا ئەخوێنێتەوە ·

هەلبژاردنی شەخسیەتێکی ئافرەت وە بەتایبەتی کە منالیش بێت بۆ ئەم دەورە زۆر لە جێگەی خۆیایەتی ، چونکە خوێندنەوەی نامەکە لەلایەن منالێکەوە زۆرتر کارئەکاتە فەلاحەکان کەهەست بەوە بکەن کەنەك پیاو ، بەلکو ژنێك ، وە نەك ژنیکیش بەلکو کیژۆلەیەك (کە رەمزی بێ دەسەلاتی یە لەچاو پیاودا) ئەو بتوانێ فێری خوێندن بێت ، ئەی گوایە ئیتر بۆچی پیاو (کە رەمزی هێزو دەسەلاتە لەچاو منالا) ئەم بۆچی نەتوانێ فێری خوێندن بێت ؟ ئەمە جگە لە ئاراستەو ئامۆژگاری یەکانی مامۆستا شەماڵ کە فەلاحەکان دلسۆزی ئەمیان بەهەلزانی و لەدەست خۆیان نەدا بۆ رزگار بوون لەم تەنگ و چەڵەمەیە · وە ئەو دەورە سەرکردایەتیەی کە مامەلی بینی لە ئامۆژگاری و ئاراستەو دنیا دیدەی و پەرۆشی و هاندان و بەخت کردن، لە رێی کردنەوەی قوتابخانە کەدا ، ئەم دەورەی دەسێکی کاری گەری هەبوو وە هەوێنێك بوو بۆ مەیانی شیری ئەو ئاواتەیان ، وەکە ئەم هەموو هۆیانە یەکیان گرت بۆ هاتنەدی خەوەکەی مامەلی ، کە ئەویش کردنەوەی قوتابخانەکە بوو · ئەمە لە بینراوی یەکەمدا ·

بەلام لەبینراوی دووەمدا لە ژوری پۆلەکەدا بەشێوەیەکی تەرو پێکەنیناوی ماندوو بونی بێ پشوو ، وە سەبری گەورەی مامۆستا ، دەرئەخات وە ئەو گیروگرفتە قورسانە نیشان ئەدات کە تووشی مامۆستایان ئەبێت لەکاتی فێرکردندا ، وەکە چۆن لەپێناوی جێ بەجێ کردنی ئەم ئەرکە پیرۆزەیاندا گوێ نادەنە هیچ سەختی یەك ·

وەلەبینراوی سێیەمدا خەوەکەی مامەلی دێتەدی ، وە خوێندەواری لە ئاوایەکەدا بلاو ئەبێتەوە ، وە ئەمەش لەشەخسیەتی مامەلی وە زۆراب وە خولەدا دەرئەکەوێت ، کە ئەبینین مامەلی خەریکە نامەیەك بۆ دەرویش مەجی ئەنووسێت (مژدە عبدالله) یان کە ئەی بینین بەفیزێکەوە دانیشتووە کلاوەکەی خستۆتە سەر ناوچەوانی و دەستی خستۆتە بناگوێی و چیرۆکی خورشیدی خاوەر بۆ فەلاحەکان ئەخوێنێتە ـ وە کەئەمەش کۆتایی چیرۆکەکەیە بەڕاستی کۆتایی یەکی جوان و بەلەزەتە و بەتەواوی لەگەل ژیانی مامەلی فەلاحدا ئەگونجێت کەلە ساڵێکا تەنیا نزیکی سێ مانگ ئیش ئەکات و باقی مانگەکانی تر بەتاڵە و بێ ئیش دائەنیشێت ·

بۆهاوڕێیەکی تازە

هەڵبەستی « ف »

(١)

وەك فریشتە ··
کە بەلاما تێ پەڕی
بە بەرگی سپی وەك پەری
بە باڵای ڕێك و بەرزەوە
کراسی ئاخر تەرزەوە
ئەچێنی لە ناخی دەروون
تۆوی ئاواتی نوێ بە «بوون»
وەکو ئاواتی شەوکوێرێ
بە ئاسۆیەکی کەمێك ڕوون
وەك فریشتە ··
کە ئەبڕیتە چاوم ، چاوت
کە ئەینێیتەوە بۆ دڵی
تێك شکاو
تاڵ تاڵی داوت
کە هەڵ ئەبڕیت گەردنی
بەرز
ناسك ناسك ·· وەکو ناوت
یا هەستی گەرمت دەرئەبریت
بە تێکەڵاوی هەنگاوت
یا بە شەرمی سەر داخستن
یا بە کوتمی خوێن تێزاوت
لەگەڵ هەموو تەماشایەك
هەموو ئاورێك ·· نیگایەك
دڵی بێ عارم سەر لە نوێ
هەستی تازەی تیا ئەبزوێ
دەریای قووڵی چاوەکانت
لە دەروونی وەك بیابانا ·
دەریایەك هەست ئەجووڵێنێ
بە شەریانەکانی گیانا
تەوژمی خوێنی نوێ دێنێ
وەك فریشتە ··
وردە وردە ·· بە ئەسپایی
ئەبیت بە هاوڕێی تەنهایی
ئەچیتە ناو دنیای هەستم
ئەبیت بە گرێیەکی نوێ
لە ناو بیرکردنەوەی مەستم
ئەبیت بە نەغمەی بەسۆزی
تەلی پساوی هەڵبەستم
وەك فریشتە ··
بە مۆسیقای لەنجەت · ·
بەناز
وا خەریکیت دڵی سستم
ئەخەیتەوە بەزم و ئاواز
گیانی مردووم بۆ خەمی نوێ
ئەکەیتەوە دۆستی هامڕاز
وەك فریشتە ··
خەریکە چەرخی زەمانە
ئەت خاتە ناو ژیانی من
ئەکەویتە بەر گێژاوی
عاتیفە بێ ئامانی من

(٢)

ئەی فریشتە ··
نامەوێ تۆی وەك فریشتە
بێیتە ناو دنیای خەیاڵم
بێیتە سەر ڕێی ژینی تاڵم
ئەی فریشتە ··
ئەی چاوی گەش ··
پاش ئەم باسە
سەیرم مەکە ·· من مەناسە
منی هەژاری ئاوارەش
ئەبێ هەتا دوا هەناسە
هەتاکو ئەو کاتەی ئەمرم
ڕێگای ژیانێکی تر بگرم

بڕوانە ل ـ ٤

دیوانی بێ کەس
١٩٧٠
بەغدا ـ چاپخانەی (شەفیق)

بەم زووانە بۆ یەکەم جار لە مێژووی ئەدەبی کوردی هاو چەرخدا دیوانی شاعیریی تێکۆشەری کورد « فائق بێ کەس » ئەکەوێتە بازاڕەوە ، ئەم دیوانە لە چاپخانەی « شەفیق » لە بەغدا چاپکراوەو « نامە خانەی بێ کەس » لە سلێمانی ئەرکی دابەشی کردنی لە ئەستۆ گرتووە ·

دیوانەکە لە ژێر چاودێری کاك محمد مەلا کریم دا چاپ کراوەو کورتەیەکی مێژووی ژیانی بێ کەسی تیایە کە لە مێژووی « ئەدەبی کوردی »ی مامۆستا علاءالدین سجادی و بنەماڵەی شاعیر خۆی وە رگیراوە ·

دیوانی وەلی دێوانە

کاك مەحمود خاکی ، دیوانی وەلی دێوانەی پێشکەش کردوین ، سوپاسی بێ پایانی کاك خاکی ئەکەین ·

کاك خاکی دیوانەکەی پێشکەش بە :

– هەموو چەوساوەکانی کوردستان ·

– بەوانەی کە ئادەمیزاد لە چنگی ئادەمیزاد رزگار ئەکەن ·

– ئەوانەی کە خەباتی چینایەتی و نەتەوایەتی یەك ئەخەن ·

– بەوانەی کە قەڵای زورداری و سەرمایەداری و ، دەرەبەگایەتی ئەروخێنن ·

پێشەکی دیوانەکە کاك س · ع · شادمان نووسیویەتی و دیوانەکە بریتی یە لە لێکولینەوەیەك دەربارەی ژیانی وەلی دیوانەو ئەو هۆنراوانەی کە کاك خاکی توانیویەتی کۆی کاتەوە ·

دیوانی حەریق

هەروەها کاك خاکی دیوانی حەریقی پێشکەش کردوین ،کاك محمد محمد رشید ، کورتەیەکی ژیانی حەریقی نووسیوە کە لە کتێبی ماموستا سجادی و لە پێشەکی دیوانی حەریق چاپی ساڵی ١٩٣٨ وەرگرتووە ·

ئەوەی شایەنی باسە کاك خاکی زنجیرەیەك لەو جورە بلاوکراوانەی بلاوکردوتەوە ، تائیستا ، کە هەموویان خزمەتی پێشکەوتن و نشونما کردنی مەکتەبەی کوردی ئەکەن ·· دووبارە سوپاسی کاك خاکی ئەکەین ·

بیرێکی ڕاگوزاری

● قوتابیەکانی ڤیتنام ·· دوو نامەیان بۆ « تاوانباری جەنگ ریتشارد نیکسون »و« سەرەکی حکومەتی بەکرێ گیراوی ڤیتنامی خواروو »بەخوێن نووسیوە ··· ئەمە کارتی جەژنی سەری ساڵە ···!

« نرخی دەرکردنی ئێوە ·· ئەی داگیرکەران ··· ئەم خوێنە سوورەیە ··· لە هەرکوێ بن ··· کەم تەرخەمی بکرێ لە دانی ئەم نرخەدا ··· محاڵە دەرچن !! » ··

« خوێن ·· خوێن ·· لاوەکانی ڤیتنام ··· بالافاو هەستێ لاشە بەرێ ·· ئەنجام··· ئەمریکا بۆ دەرەوە » ··

● شوێن : گازینۆیەکی شاری سایگۆنە ··

ئەفسەرێکی ئەمریکی بەرەورووی هاورێکەی : تۆ ئەزانی نیوەی ئەم لاوانەی لێرەدانیشتون ·· لە شۆڕشگێرەکانی ڤیت کونگن ؟!

ئەفسەری دووەم : کەواتەبۆ نایان گرن ··· ئەفسەری یەکەم : ئەوە گران نیە ··بەلام گران ئەوەیە ··· کام نیوەیان !؟

● لەبەر ئەوە ··· پیرولاو ·· هەتا منالی سەر بێشکە ·· بیان سوتێنن ··بیان کوژن ·· « گەلی ڤیتنام هەموویان ··· ڤیت کونگن ··هەموویان ·· چاویان پڕە لەقین و تورەی بەرامبەرداگیرکەر » ·

● وە تۆ « کاوکی » بەکرێ گیراوەکەی ئەمریکا ·· « هەر چەندە ڤیتنامیت ·· بخۆ ··بنو ·· رابوێرە ·· لەکوشکا ·· لەژێر کراسی « ئافرەتی بەدۆلار کراوا » ·· دلنیابە مادەم دەرگات کردۆتەوە ··ئەکوژین ·· ئەبرین ئەسوتێنن ·· دوای « مدالیای ئافرین »بۆتۆ ··

● وە ·· مادەم حاڵ وایە··« خوێن ·· تەنیا خوین ·· ئەی لاوەکانی ڤیتنام ·· یا لافاوهەستێ ·· تا رۆژی یەت ·· وە هەریەت !!·· ئەمریکا ··لەدەرەوەیە !! »

● ئێمە بەخوێن «داستانی پاڵەوانیەتی گەلەکەمان ئەنوسین » نەفرین لە هەموچەنە بازێك ·· ئەگەر قسە کەشی نەخشی بەردبێ!! قسەمان ناوێت ··· « خوێن ·· خوین ·· تۆڵەی خوێن ·· هەرخوێنە !! » ·

بەهرە

لاپەرەیەك لە مێژووی ڕەواندوز

برایم حاجوون

ڕەواندوز مەڵبەندی شۆڕشی و ڕاپەرین



ڕواندز ئەم ناوچە گرنگ و خۆشەی كوردستانی عێراق ، كەئەكەوێتە ناوچە شاخاویەكەی نێوان زێی گەورەو سنوری ئێرانەوە . داهتنی زاراوەی « ڕواندز » هەر وەكو بەشی زۆری مێژوو نووسانی كورد و بێگانە باسی‌یان لێوە كردووە ئەگەڕیتەوە سەر لێكدانی ووشەی (ڕواند) لە گەڵ دوشەی (دژ) ؟

یەكەمی‌یان ناوی ئەم هۆزەی گوردە كە هەر لە كۆنەوە لەم ناوچەیەدا ژیاون ، دووەمەكەیان ووشەیەكی فارسی‌یە واتای قەڵایەكی سەخت ئەگەیەنێ ، جا بە پێی ئەوەوە لە سەر یاساكانی زانیاری زمانەوە دەربڕینی (ڕواندژ) بووە بە (ڕواندز) كە واتای قەڵای سەختی ڕواندی‌یەكان ئەگەیەنێ ، بەمەوە بەم شوێنە ووترا كە جێگای شارەكەی ئێستا ئەگرێتەوە .

وە لە بەر گرنگیەتی ئەم ناوچەیە بە تایبەتی لەبارەی شەڕو شۆڕو هەراو ڕاپەرینەوە بووەتە مەڵبەندی خەباتی گەلی كوردمان هەر لە كۆنەوە تا ئەمڕۆش دژی داگیركەرو دوژمنانی گەلی كورد .. لەبەر ئەوە هەر لە ساڵەكانی(١٨٣٠) ی زایینەوە لە نێو جۆرەها كارەسات و ڕووداوای شۆڕشگێرانەدا ژیاوە ، لە ئەنجامی ئەم هەمووە ، كارەساتانەش‌دا بووە بە پایتەختی ئیمارەتی سۆرانی بەناوبانگ ، وە هەروەها بە بنكەیەكی گەورەی چەك دروستكردن ، كە جێگای سەرسڕمانی گەلێ لە ڕۆژ هەڵات ناس و مێژوونووس خەڵكانی تر بووە ، وە هەر لە بەر گرنگیەتی ، ئەم چەكانەش **خروانەتە مۆزە خانەكانی‌چەك ،** لە عێراق‌و لەدەرەوەی عێراق‌دا

لەم ڕووداو كارەساتانەی باسمان كردن ، ڕووداوە پڕ ئێش‌و مەترسیەكەی ساڵی (١٨٣٥)ی زایین بوو ، كە هەر لە خۆی‌یەوە لە شۆڕشەكانی گەلی كوردمانە لە پێناوی ئازادی وسەربەخۆیی كورد و چەسپاندنی حكومەتی كوردستان لەم ساڵەدا هێزەكانی كوردمان لەم ناوچەیەدا لە دوو بەرە شەڕی‌یان ئەكرد ، وە هەڵمەتی **شێرانەیان ئەبردە سەر** هێزەكانی دوژمن بەكورد ، بە سەرۆكایەتی میر محەمەد كە بە (پاشای كوێرە) ناو بانگی دەركردووە ، بەرەی یەكەم بەرەی ئیمپراتۆریەتی مەزنی عوسمانلی بوو ، بەرەی دووەم بەرەی حكومەتی ئێران بوو ، بەڵام لەگەڵ ئەوەش‌دا وەنەبێ شۆڕشگێرانمان بە سەرۆكایەتی ڕابەری نەبەز سلی‌یان لە خەبات‌و تێكۆشان‌دا كردبێ لە پێناوی فراوان كردنەوەی سنوری ئیمارەت و سەربەخۆیی كورد ، بەڵكو بە پێچەوانەوە هەر بەدڵێكی پڕ ئاوات‌و بەهێزێكی پۆڵایینەوە ڕووەو مەیدانی جەنگ ئەكەوتنە ڕێ و دوژمنانیان قەلاچۆ ئەدا ، وە بەم هێرشانەیان‌دا بۆ سەر ناوچەكانی كوردستانی ، دەوروپشت كە لە ژێر دەستی ئیمپراتۆریەتی عوسمانلی‌دا ، بوون توانیان بەشی زۆری ئەم ناوچانەو لە گەڵ چەند شارێكی گەورە ئازادبكەن و لە ژێر چەپۆك و چەوساندنەوەی ئیمپراتۆریەتی برسی ڕزگار بكەن وەك : « ئالتون كۆپری كۆیێ ، ئامێدی ، زاخو و ناوچەی ئازر بێجانی‌ئێران » . بەمەوە سنوری ئیمارەت لە ڕواندزەوە گەیشتە ئالتون كۆپری و ناوچەی ئازاربێجان **لە ئێرانەوە ،فراوان بوونەوەی** سنوری ئیمارەتیش جێگای مەترسی ئیمپراتۆریەت و حكومەتی ئێران بوو لە لایەك ، وە لە لایەكی تریشەوە جێگای مەترسی هەردوو ئیمارەتە كوردیەكی تریش بوو كە ئیمارەتی بابان‌و ئیمارەتی بەدرخانیەكاتە . ئاواتی میر محەمەدیش لەم هێراشانەدا هێنانەدی یەكتی بوو لە نێو بەشەكانی كوردستانی دابەشكراودا ، وە پێك هێنانی حكومەتێكی كوردی بوو لە جیهان‌دا ، وە بۆ جێ‌بەجێ كردن ئەم ئاواتە میر محەمەد و شورشگێرانی كورد هەموو جۆرە هەلێكیان بەكار ئەهێنا ، بە تایبەتی هەلی كزبوونی ئیمپراتۆریەتی عوسمانلی كە لەم كاتدا ملی ڕێگای تێك چوونی ناوە خۆی گرتبوەدەست كوردەكانمان ئەمەیان بە هەلێكی بەهادار زانی لە بەر ئەوە خوی‌یان لە پێناوی بەكار هێنانی ئەم هەلە بەخت كرد تا توانیان گەلێ لە ناوچەكانی تری داگیركراودا ئازاد بكەن ، بەمەوە هێزی خەباتی كوردەكانما گەیشتە لق‌و پۆپی بەهێزی .. گەیشتە ئەو ڕادەی كە هێزی ئیمپراتۆریەت بەم هەموو هێزەو دەسەڵاتەو ئیمكانیاتەوە لە توانایا نەبوو خەباتی گەلی كوردمان لە پێناوی ئازادی‌و سەر بەخۆیی و یەكێتی كوردستان و حكومەتی كوردستان دا بمركێنێ و بلێسەی خەباتیان لە جیهان‌دا بكوژێنێتەوە و بزوتنەوەی ئازادی خوازی كورد لە ناو بەرێت ، بەڵام لەگەڵ ئەمەش‌دا وە نەبێ درندەكانی ، ئیمپراتۆریەت وازی‌یان لە هێرش بردنە سەر كوردەكان هێنا بێت ،بەڵكو بەپێچەوانەوە هەر سوور بوون لە سەر دوژمنایەتی گەلی كوردمان ، لەبەر ئەوە حاكمی ناوچەی (سیواس) یان ناچاركرد كە (ڕەشید پاشا) بوو هێرش باتە سەر ئیمارەتی سۆران ، بەمەوە هێزێكی بەتین پێك هێزا وە بەفرمانی لە ئیمپراتۆریەتەوە چووە سەر ئیمارەت ، لەم هێرشەیان‌دا توانیان تا ڕادەیەك كوردەكان بگەڕێننەوە ناوچە شاخاوەكانیان ، بەڵام لەگەڵ ئەمەش ترسی‌یان هەر لە شۆڕشگێران هەبوو لەبەر ئەوە (محمد پاشا) ی والی موسڵ‌و (عەلی ڕەزا) ی والی بەغدا ناچاركران هێزێكی گەورە ڕێك خەن بۆ یاریدەدانی (ڕەشید پاشا) بەمەوە هێزێكی گەورەو پڕ چەك پێك هێزا كە ژمارەی‌یان ئەگەیشتە «٤٠» هەزار كەس ، ئەم لە شكرە درندەو زۆرەش لە ساڵی (١٨٣٤) وە بەتوندی پەلاماری سەر ئیمارەتی سۆرانی‌یان‌دا بەمەبەستی لە ناوبردنی هەتا هەتایی ئیمارەت و دامركاندنی حكومەتی كورد لە جیهان‌دا بەڵام لەگەڵ ئەوەش‌دا ئەم هێزە زۆر و توندە نە یتوانی بەهیچ جۆرێك جێی شۆڕشگێران لەق بكات و بزوتنەوەی ئازادی خوازی كورد لە ناو بەرێت ،وە لەم شەڕەدا نەبەردایەتی و ئازایەتی میللەتی‌كورد تا هەتایە سەلماندرایەوە هەروەك (هێلمۆنت فۆن مولتكە)ی مێژوونووسی بە ناوبانگ ئەڵێت : (ئیمپاتۆریەت بەم هەموو هێزو توانایە زۆرەیە وە گەر هەولی گرتنی تۆپكە چیایەكی كوردەكانی بدایە ئەبوایە (٣٠ ، ٤٠) ڕۆژ پتر شەڕی بەگەرمی بكردایە ئەوجا هەوڵەكەی بەزۆر كوشتارو بریندارەوە ئەچووە سەر ، وە گەلێ جاریش بەسزاو ئازارو شكستی ئەگەڕانەوە پاش) . بەڵام ئەم هێرشەشیان وەك هێرشەكانی‌تر ڕێگای سەرنەكەوتنی گرتەبەر و زیانێكی زۆریشیان پێ‌گەیشت ، لەبەر ئەوە ناچار بوون داوای شەڕوەستان بكەن لە كوردەكان كوردەكانیش بەمەوە شەڕی‌یان وەستاند ، بەڵام وەنەبێ كوردەكان بەمەوە بكەونە ساتەكانی پشوودان بەڵكو ئەمەشیان بەهەل زانی بۆ ئەوەی مەیدانی خەباتیان بگوازنەوە ئێران ، بەمە جەڵەوی پێش قەتارەی شۆڕشگێڕانی كورد كەوتە ڕێ بەرەو ئێران‌و توانیان ناوچەی (قۆتەرە)ی سەر سنور داگیربكەن لە ساڵی (١٨٣٥) دا وە هەروەها گشت ناوچەی (سلدوز) و چەند دێ‌یەكی تری ئێران‌كە ئەكەوتنە دەوروپشتی ناوچەكە ، لەم شەڕەدا كوردەكانی مەنگوڕ و مامەش و زارارای و موكری یاریدەیەكی تەواوی شۆڕشگێرانی‌یان ئەدا بە خۆئامادە كردن و خۆ بەخت كردن لە پێناوی سەركەوتنیان ، تا وای لێ هات كوردەكانی ئێرانیش ئاڵای خەباتیان هەڵگرت دژی حكومەتی ئێران لە پێناوی خۆشكردنی زروفی ژیانیان و بەڕێوە چوونیان ، چونكە لەم كاتەدا كوردەكانی ئێرانیش هەر لە گۆمی چەوساندنەوەی لیل‌دا مەلە بۆقەیان ئەكرد و لەو پەری ناخۆشی ژیان‌دا كاتەكانی ڕۆژی‌یان هێدی ژمار ئەكرد ، كە لە ئەنجام‌دا بوو بە هۆی ووشیار بوونەوەو تێكۆشانیان دژی هەموو جۆر چەوساندنەوەیەك و لە پێناوی بەختیاری و خۆش گوزەرانی سەربەرزی كورد .

ماوەیتی

بەیاننامەی بەریوەبەرایەتی ئینحیساری تووتنی ژمارە «١٣»ی ساڵی ١٩٧٠

دوابەدوای بەیانامەی ژماە(٩)ی ساڵی ١٩٧٠

ئەوە بەیانتامەیەی‌سەرەوەمان بەم جورەی لێ‌ئەكرێت :

یەكەم :ـ مەركەزەكانی‌فحص‌و وەرگرتنی تووتنی بەرهەمی ساڵی ١٩٧٠ :

١ ـ مەركەزی سلیمانی :تووتنەكانی هەموو ناحیەكانی قەزای مەركەزی ناحیەی‌سروچكی لی‌دا فحص ئەكریت‌و وەرئەگیری ، « تەنها بازیان‌نەبی » .

٢ ـ مەركەزی قەڵادزی :تووتنەكانی قەزای پشدەری لی فحص ئەكریت‌و وەرئەگیری

٣ ـ مەركەزی ڕانیە : تووتنەكانی قەزای ڕانیەی لی فحص ئەكریت‌و وەرئەگیری ـ وەرزیرەكانی قەزای ڕانیە بۆیان هەیە تووتنەكانیان ببەنە مەركەزی كۆیەش جگە لە مەركەزی ڕانیە .

٤ ـ مەركەزی هەڵەبجە :تووتنەكانی قەزای هەڵەبجەی لی فحص ئەكریت‌و وەرئەگیری

٥ ـ مەركەزی پینجوین :تووتنەكانی قەزای پینجوینی لی فحص ئەكریت‌و وەرئەگیری .

٦ ـ مەركەزی چوارتا :تووتنەكانی ناحیەی سیوەیل‌و مەركەزی جوارتای لێ فحص‌ئەكریت‌و وەرئەگیری .

٧ ـ مەركەزی ماوەت تووتنەكانی ناحیەی ماوەتی لێ فحص ئەكریت‌و وەرئەگیری

٨ ـ مەركەزی شەقلاوە :تووتنەكانی قەزای شەقلاوەی لی فحص ئەكریت و وەرئەگیری

٩ ـ مەركەزی دیانا ،توتنەكانی قەزای ڕەواندرو زیبارو جومانی الی فحص ئەكریت‌ووەرئەگیری .

١٠ ـ مەركەزی كویە :تووتنەكانی قەزای كویەی لی فحص ئەكریت‌و وەرئەگیری .

١١ ـ مەركەزی دهوك :تووتنەكانی قەزای دهوك‌و زاخوو ئامیدی‌و شیخان‌وئاكرێ‌ی لێ فحص ئەكریت وەرئەگیری .

بەریوەبەری گشتی‌و
سەرەكی ئەنجوومەنی بەریوە
بەرایەنی
ئینحیساری تووتن
عبدالكریم توفیق

بەیاننامەی ژمارە «١»ی‌ساڵی ١٩٧١

لە بەرێوەبەرایەتی‌ئینحیساری تووتنەوە

بۆ هەموو وەرزێرانی‌تووتن‌و تنباك

بەپێی فەقەرە «٢و» و«٢هـ»لە مادەی «١٧»ی یاسای ئینحیساری تووتنی ژمارە ـ٥٤ی ساڵی ١٩٥٢ای ڕاستكراوە وە بو ریكخستنی بەرهەم‌وریكوپیك كردنی بارەكانی تووتن‌و تنباكی وەرزێران بۆئاسان كردنی كاروباری وەرگرتن‌و عەمار كردنی‌و پاك‌كردنی وە بۆ ئەوەی ئەو زیانانە نەمێنی كە بە هۆی ئەم‌كاروبارانەوە ئەكەویتەوە ، بریارمان‌دا بەرهەمی دونمێك لەتووتن‌و تنباك‌و كێشی بارەكانی وەرزیرەكان لە ساڵی ـ١٩٧١دابەم جۆرە بێت :

یەكەم : ئەبی بەرهەمی‌دونمیك لە تووتن‌و تنباكی ساڵی ١٩٧١ «٢٥٠» دووسەدوپەنجا كیلو گرام بێت .

دووەم : كێشی باریك‌تووتن لە «٥٠» پەنجا كیلو گرام زیاتر نەبێت‌و لە «٣٥»سی‌وپێنج كیلو گرام كەمتر نەبێت .

سێیەم : ئەبی كێشی بارێك‌لە تنباك لە «٥٠» پەنجا كیلو زیاتر نەبێت‌و لە « ٣٠ » سی‌ی‌كیلو گرام كەمتر نەبێت وە هەر باریك لە تنباكی ئامادەكراو بو دەرەوە ناردن تونكە بێت یان شاهات ، ئەبی لە« ٣٠ » سی‌ی كیلو گرام زیاتر نەبێت‌و لە «٢٠» كیلو گرام‌كەمتر نەبێت .

چوارەم : نرخی كەرەسەی‌شارەیەكی باری تووتنی گەلا لەبەرهەمی ٩٧١ بە «٥٠٠» پێنج‌سەدفلس‌ئەبیت‌و بو باری‌تنباكی بەرهەمی ـ ١٩٧١ بە «٣٠٠»سی‌سەد فلس ئەبیت .

پێنجەم : هەر بارە تووتنیكی‌بەرهەمی ساڵی ـ ٩٧١ ئەگەر لە «٥٥» پەنجاو پینج كیلوگرام زیاتر بیت یان لە «٣٥» سی‌ی‌و پینج كیلو گرام كەمتربێت پارەكەی نادری ، وە هەر بارە تنباكی كە بو ناردنەدەرەوە ئامادە كرابێت ئەبی لە «٣٠» سی‌ی كیلو گرام زیاترنەبیت‌و لە «٢٠» كیلو گرام كەمتر نەبیت ئەگینا پارەكەی‌نادری .

شەشەم : پیویستە لەسەرهەموو ئەو وەزیرانەی كە ئیجازەی تووتن‌و تنباكیان‌دراوەتی خویان بەم تعلیماتەوە ببەستن‌و بە گویرەی‌بجوولینەوە هەر كەسیكیش بە پیجەوانەیەوە كار بكا بەگویرەی یاسای ئینحیساری تووتنی ژمارە ـ ٥٤ی ساڵی١٩٥٢ سزا ئەدری .

ج . بەریوەبەری گشتی‌و
سەروكی ئەنجومەنی
بەریوەبەرایەتی
ناجی عبود

بەیاننــامەی ژمارە (١٢)ی ساڵی ١٩٧٠ی

بەریوە بەرایەتی ئینحساری تووتن .

دوابەوای بەیاننامەی ئەم‌بەرێوەبەرایەتیەی ژمارە ٩ی ساڵی ١٩٧٠ . بریارمان‌دا بەوەرگرتن‌و فەحس كردنی توتنی بەرهەمی ساڵی ١٩٧٠ لەرۆژی ٩ی مانگی كانونی دووەمی ساڵی ١٩٧١وە .

عبدالكریم توفیق
بەرێوەبەری گشتی‌و
سەرەكی ئەنجومەنی
بەرێوەبەرایەتی ئینحیسادی
توتن

پاشماوەی : عاصی ...

لوتفو ڕەحمێ تۆ نەبن !
با لە فرمێسكی هەتیوان
هەڵ خلیسكێ ـ ئەی خوا ـ
مەنگەنەو هەم توپو تایەی
لەت‌لەت‌و سەد پارچە بن

كە چی لە ڕوژی ١٢ی ئازاری ١٩٧٠ دوای بڵاو كردنەوەی بەیاننامە ، مێژوویی‌یەكەی ئازار پەیمانی برایەتی نیوانی هەردوو برای كوردو عەرەب نوی ئەكاتەوەو ئەڵێ :

قەومی كوردی بینە یەك دڵ،
بێ غەرەز بن سەیری كەن
چۆن لە سەر بورجی سەعاد
ەت ڕۆژی هیوامان هەڵات !
ئێمە گشتمان هەر برا بووین
ڕۆلەی یەك خاكو وەتەن
دوژمنی بەد خواهی ئێمە ،
با لە داخا گیان بدات !
بۆ هەموو تەنگانە دایم
پشتیوانی یەكترین
دەستی دەبڕین هەر كەسێكی
دەست درێژكا بو وولات

وە بە هەمان بۆنەو مەبەستەوە لە هەڵبەستێكی تری‌دا ئەڵێ :-

وەك زەمانە بوو بە بازار ،
بابەتی دانا تەواو
مشتەری فەزڵو شەرەف بوو
كاكی كورد هەردووی كری
بەزم‌و شایی چەن جوانە ،
تێكەڵە كوردو عەرەب
زۆر شوكر بەد گۆی فەساد
یش لەم میانە تێ تری !

عاصی تەمەنی لە ٨٠ ساڵ (بە ساڵانی كۆچی) تێپەڕ بووە ،زۆر شوكر تا ئێستاش پیریكی لە سەرخۆو ئیسك سووكە ، لە هاوینی ساڵی ١٩٧٠دا چووم بۆ كۆیە بۆ دیدەنی ، دیم لە ماڵی خۆیا لە ژوورەكەیا دانیشتبوو ، چەند كتێبێكی كوردی وفارسی‌و عارەبی لە بەر دەستا بوو ، كورەكانی ڕۆڵە تاقانە جوانە مەرگەكەی لە دەورو پشتی بوون ، بە خێرهاتینكی گەرمی جاحیلانەی كردم ، دیوانیكی گەورەی شیعری چاپ نەكراوی خۆی لە بەردەمابوو ، لە گەڵ (گولستانی سەعدی شیرازی) كە كردوویەتی بە كوردی‌یەكی ڕەوان‌و بێ گرێ ، هێندێكی بۆ خویندمەوە ، بێ ئەوەی چاوێلكە بەكاربێنێ ! لێم پرسی لە گەڵ بینین‌و موتالا كردنا چۆنی ؟ گوتی : بەخوا هەر چەندە چاویلكەی پزیشكیشم ، هەیە بەلام بەبێ چاوێلكە باشترم بۆ ئەخوێنریتەوە .

ماموستا مەلا (عاصی) ئەندامی یەكێتی نووسەرانی كوردە ، داوام لێ كرد بۆ بەشداربوون لە كونگرەی یەكەمی یەكێتی لە بەغدا ، لە وەڵاما گوتی : ئەگەر دەست بڕوا و بێ‌هێزی ماوەم بدا خوا یاربێ بەشداری ئەكەم ،چونكە ئەم یەكێتی‌یە هیواو مەبەستی هەموو لایێكمان بوو ، وا لە سایەی خواوە هاتەدی .

خوێنەری بەرێز لێرەدا كۆتایی بە لێدوان‌و گفتوگۆكەم ئەهێنم لە گەڵ بە تەمەنترین ئەندامی یەكێتی نووسەرانی كوردمان ، هیوادارم توانی بێتم كەمێك پێقان بناسێنم‌و مافی خۆیبیم پێ دابێ .

پاشماوەی : پرسیارێكی بێ ..

بەنێ .

یەكەم ـ بۆ چیتە ؟

كابرا ـ نابینن ڕۆژ وونە .. نەك خۆی لەپاڵ ئەم گردەدا شاردبێتەوە .. من ئەم گردە ئەڕووخێنم .

خالە ـ چۆن وێرات قسەی وا بكەیت ؟

كابرا ـ هەزاران گردی وا ئەڕووخێنم .

دووهەم ـ بێگانە لێرە چی ئەكات .. بۆن‌و ڕەنگ‌و شێوەو جووڵانەوەی جیاوازە .. پێویستە سزا بدرێت .

[هەموو بەیەك دەنگ]

ـ پێویستە سزا بدرێت .

یەكەم ـ لە گۆبەنگ گەڕێ .

دووهەم ـ پێویستە ئەگینا مانای ئەوەیە نامەوێ بژیم .

یەكەم ـ فەرموو .. بژی .

دووهەم ـ داوای جۆری سزا لەخاڵە ئەكەین .

خالە ـ بكرێت بەكێلی گۆڕی مردووە تازەكەمان .

كابرا ـ مانگ لەلای منەوە هەڵدێت ؟

خالە ـ جارەو بار .

كابرا ـ اكەواتە ئامادەم .

[ئەیگرن‌و ئەیكەن بەكێلی گۆڕو پشت ئەكاتە تەماشاكەران] .

[پاش تۆزێك دەنگە دەنگ دێت هەموو بە یەكدا دێن] .

[یەكێكیان بەرەو دواوە ئەڕوات‌و پشتی لە خەڵكەكەیە]

دووهەم ـ ها .. چی بوو ؟

نەریمان ـ مردوویەكە لەگۆڕ هاتە دەری .

خالە ـ ئەڵێ چی .

نەریمان ـ ئەڵێ من ئەگەڕێمەوە ئێوە ناناسم چاوەڕوانی ناكەم ... چونكە گەلێك شەمەندوفەر لەجێگاكانی ترەوە تێپەڕیو گەیشتنە شار .. ئەچم لە سەرەتاوە ئەیدۆزمەوەو یەكسەر ئەشگەمە شار .. ئەڵێ هەویەم نیەو .. ناوم نیەو چەرخم نیە .

خالە ـ سزای ئەدەین چۆن وا ئەكات .

نەریمان ـ باڵی هەبوو .. فڕی .. ڕۆیشت .. چاوتان لێ‌یە .. بە ئاسمانەوە شەقەی باڵی دێت‌و پێكەنینی بە ئێمە دێت .. ئەڵێ ئێوە هەموو سێبەری سێبەرن .

[پەردە دائەدرێتەوە] .

institut kurde de paris

هاوکاری و خوێنەران

ئومێد

● **کاك احمـد سید علی بەرزنجی ـ لە سلێمانییەوە چیرۆکەکـەت (سـێبەری رابوردوی ئافرەتی سەرکەوتوو نەبوو ، هیوادارین هەوڵـی داهاتوت سەرکەوتووتربێت ٠**

● **کاك کمال آسعد رضـا لە سلیمانیەوە ٠٠ هونراوەکەت (رۆژی ئاشتی) ٠٠ گەیشت، چۆنیەتی دارشتنی زور راست نەبوو ببورە ٠**

● **کاكعبدالله شیخ مەمەندی** لە هەولیرەوە ٠٠ هۆنراوەکەت (مەرحەبا ٠٠ هەمووی هـەر کاکە) وە چیروکەکـەت (دەمەتەقی زانست) پێمـان گەیشت هیوادارین کاکە شیخ بەرهەمی چاکتر بۆمان بنێری ٠

● **کاك جەوهەر غەمگـین** لە هەولیرەوە ، لە فولکلورەوە گورانی (حیلانی)ی بۆ ناردوین ئەمە شەشەم شیوەی ئـەو پارچە فولکلوریەیە کە خوینەرە بەریزەکان ناردویانە ، بـاش لێکولینەوە ، راسترەکـەیان بلاوئەکریتەوە ٠

● **کاك رحیم بێ نـاز** لە سلیمانییەوە ٠٠ نامەکـەت گەیشت ، سوپاس ٠

● **کاك بەختیار عەزیزصالح** لە سلیمانییەوە ، هۆنراوەیەکی بۆ ناردوین ئەلێ :

ئەی قەومی مەزلوم روڵەی ئازا
بەسە تەفرەقە وا خـۆر گەی‌یە ئاوا

● **کاك ع ٠ بجـکول** لە کەرکوکەوە ٠٠ ووتارەکەت ژیانی کۆمەلانی خەڵـکی کوردستان٠٠ئیمەش لەگەلتاین بەلام مەسەلەکە بەوە جارەسەر ناکرێ ،چیروکەکەت (لەئیستاوە دامنا مـردم) گەیشـت ، چاوەروانی بەرهەمی چاکترین٠ هەروەها کاك بجکول نامەیەکی ناردووە گلەیی لە نووسەرانی کورد ئەکات لە کەرکوك کـە هەولو کوششیان کەمە ٠

● **کاك کەریم ئەحمەدحسین** لە هەولیرەوە ، چەند پەندیکی پیشینانی ناردووە ، بـەم نزیکانە بلاوئەکریتەوە ٠

● **کاك بارزان رەشیدئەحمەد** لەسەر تەلەفزیونی کـەرکوك نامەیەکی ناردووە ، کاك بارزان ٠٠ تەلەفزیونی کەرکوك گوێ ناداتە جەماوەر ٠٠ بلین‌چی ٠

● **کاك سلام عبدالغفـود مەنمی** لەسلیمانی‌یەوە نامەکانت گەیشتون ئیمەش بروآمان وایە بەیازو بەیازەوانو هەبی بەیازو هەبی بەیازەوان ٠٠ شـعرو شاعر ناگەیینی ٠

● **کاك حسـن مداعـلی** ـلە دێی چەم.. ـ قـەزای شارباژیر ٠٠ .. پاس هەستی بەرزت ئەکەین ٠

● **کاك جلال دەبـاغ** لـە سلیمـانییـەوە ٠٠ نوسینەکەی ..کری ٠٠ لەبەر دورودریژی بلاو ناکریتەوە ، ببورە ٠

لاپەڕەیەکی سەربەست

بەسەرپەرشتی : نوری حەیران

سابینا لیوناردی تەمـەنی ٢٣ی سـاڵە و ناسراو ترین رووە لە تەلەفزیونی ئیتالیایدا، وە یەکێکە لەوانەی کـە خۆی هەموو شتێك بۆ خۆی ئەکات، وەك چێشت لێنانو برینی جلو درونی ، کە ئەمەش هۆیـەکی ترە بۆ ئەوەی خـەڵکی زیاتر بیناسێت ٠٠ وە لەو شتانـەی ئەم کچە حەزی لێ‌ئـەکات ٠٠ بەخێو کردنی چۆلەکـەو چونە سـینەماو گوێ‌گرتن لـە مۆسیقایە ٠٠ وە هونەرمەنـدە بەریتانیایەکانی لـەلا چاکترە لەوانی تر ٠٠

ئایا ئەزانی ؟!

● یەکەم پولی پۆستە لـە فەرەنسە ساڵی١٦٥٣دەرچووە٠

● یەکی لە مۆزەخانەکانی فەرەنسا شەپقەکەی ناپلیـۆنی کری بە ١٢ هەزار دینار ٠

● فیل قاوە بخوآت سەرـ خۆش ئەبێت ٠

● باشـترین دەرمان ، ئاوازی مۆسیقایەکی ناسکە بۆ ئەوانەی نەخۆشی مێشـکیان هەیە ٠

● « سرۆتانك » ناوی ئەو درەختەیە کە درێژترین تەمەنی هەیە و لە خواروی ئاسیادا لە ناوچەی ئیستیوایدآ ئەژی ٠

● هەندێ کەس لەباتی ١٢ پەراسـوو ١٣ پەراسوویان هەیە ٠

● مێشولە ٢٢ درانی‌هەیە ٠

● چاویلکە بۆیەکەم جـار لە ساڵی ١٢٥٨ دا داهاتووە ٠

● گەورەترین هۆی‌توشبونی پەنجەشێری سێ ، جگـەرە کێشانە ٠

● یەکی لەمەیخانە چێکانی فەرەنسا شوشەیەك لەو مەیەی ناپلیون لە دورگەی سانتهیلانە ئەیخواردەوە کری بـە ١١٠٠ دینار ٠

● پێکـەنینو رووخۆش دەرونی مرۆڤ لەرقو کینە پاك ئەکاتەوە ٠

«لە کاك انور محمودەوە»

●

مەتەڵی هەفتە

دێرەکی ـ عامودی

١ ـ ژیان ـ ناوی روبارێکە لە کوردستان ٠

٢ ـ لە ووشەی [راز] دا دەری بێنە ٠

٣ ـ بچـووك کردنەوەیێکی کوردیە بـو ناوی [یوسف] [×] ـ میوەیە ٠

٤ ـ برسی نیە ـ بەرامبەر وەستان بۆ بەربەرەکانی کردن

٥ ـ لە ووشەی [جەرگ] دا دەری‌بێنە ـ لاوێکی رێك [×]

٦ ـ شاعیرێکی کوردە لـە ساڵی [١٩٥٠ز] کۆچی دوایی کردووە ٠

٧ ـ لە ووشەی [توپ]دا دەری بێنە ـ بەندەرێکی [میناء] فرەنسی‌یە ٠

٨ ـ ناوی جورێکە لە زەوی کێلان [×] ـ واتـا [×] ـ هەوا [×] ٠

٩ ـ لای [بەکرمـانجی] ـ خوا خۆکردەکانی زەمـانی جاهیلیە [×] ـ بێ‌دەنگ ٠

١٠ ـ شاعرێکی کوردە لە ساڵی [١٩٦٢]ز کۆچی دوایی کردووە ٠

دەستەکی (أفقی)

١ ـ ناوی سەرکردەیێـکی شورشگێری ووڵاتێکی ئاسیایە

٢ ـ پارچە ئاگر ٠

٣ ـ ناوی کچە [×] ٠

٤ ـ ناوی شوڕشـگێرێکی ئەمریکای لاتینیە چەند ساڵێك لەمەوبە شەهیدکرا بە دەستی نۆکـەرانی ئیستخباراتی ئەمریکی ٠

٥ ـ شەفەق ٠

٦ ـ دەنگی پارتی دیموکراتی کوردستان بوو بـۆ ماوەیەکی زۆر ٠

٧ ـ چەکێکی کۆنە ـ بڕگەی دووەمە لەناوی قارەمانێـکی شوڕشگێری ئەفریقیا بەدەستی نۆکەرانی ئیمپریالیزم شەهیدـ کرا ٠

٨ ـ دڕندەییکە ٠

٩ ـ صفەیە بۆ زسـتان ـ هەمووئیشو کاری خەباتـە لەپیناو پارتەکەی [×] ٠

١٠ ـ ناوی داناییـکی فرەنسی‌یە ، لە یەکێ لە دەولەـ تەکانی ئەمریکای لاتینی [٣٠] ساڵ حوکم درابوو ، لـە ٢٣ـ١٢ـ١٩٧٠ دا بەربوو ٠

هاوکاری ـ سوپاسی پێ‌یانی کاك رەمزی دزەیی ئەکـەین هیوادارین نەك هـەر مەتەڵ ، بەلکو نوسینو باسی‌تر کە لـە ماڵ کەوتووە بنێرێ ٠



لە [illegible] ئەرخەوانیدا

ـ لاپەرە کۆنەکان چیتـر هەڵنادەمەوە ! باسیان مەکە !

ـ بۆ ٠٠ ؟

ـ جەنگێکی دوڕاوە ٠٠!!

ـ بۆ ناڵێی جەنـگاوەری ئەو جەنگە نین ٠٠؟ بـۆ دان بەوەدا نانێی ٠٠ ئێمە وەکـو پێویسـتە وانەبوویـن ٠٠ وانین ٠٠ !؟

ـ وانی‌یە ٠٠ ئەوەنـدەی بەمن ئەکرا ٠٠ لەپێنـاوی جیهانی نوێدا ، لەپێناوی ئاواتە بەرزەکانمانـدا ٠٠٠ کردوومە ٠

ـ ئەو ئاواتانەی کەوا لەناولاپەرە کونەکانتا ناشتووتن ! ؟

ـ ٠٠ ئا ٠٠ ئا ٠٠٠!

ـ لاپەرەکانیش هـەڵنادەیەوە ٠٠؟

ـ ئیتر بلێم چی ٠٠ نـەمگوت جەنگێکی دوڕاوە ٠٠

ـ ئەوە خۆبەدەستەوەدانـە٠٠ بەزینە ٠٠

ـ هەمان ووشەی نـاولاپەرەکان ٠٠ کێ ئەلێ مـن نەبەز بووم ، کێ ئەلێ مـن نەبەزم ٠٠؟

ـ کەواتە ٠٠ ئامادەی بەرەورووبونـەوە نەبـووی ٠ ٠ جەنگاوەری مەیدانەکە نەبووی٠٠ ئەگینا جەنگەکـە دوڕاو نەبووە ٠٠ دوراو نی‌یـە ٠ ٠سەدەی سەرکەوتنێتـی ٠

ـ رەنگە ٠٠ رەنگە ٠٠بەلام‌ئەی ئەو رۆژانەی بەفیرۆ چوون ٠٠ ئەی قوربانیەکـان ٠٠هیچ مان نە کرد ٠٠

ـ چۆن هیچمان نەکـرد ٠٠ئەوە نی‌یە لاپەرەی کۆنمـان هەیە ٠٠ لاپەرە کۆنەکـان‌خەرمانی تاقی‌کردنەوەکانـی پێشومانن ، هەموو کۆنێـك کۆڵەوار نی‌یە ٠٠ کون منالدانی نوێ‌یە ٠٠ کە کۆن نەبوو ٠٠نوێ ٠٠ نوێی چی ئەبێ ٠٠٠ ئەلێ‌ی چی ؟٠

ـ ٠٠٠٠

ـ ئەوە بۆ قسەناکەی ؟

ـ لاپەرە کۆنەکان هـەڵ ئەدەمەوە ٠٠ هەڵ‌ئەدەمەوە ٠٠ تا ٠٠ سەرکەوتن ٠

ئەمە وێنەی لیود میـالاوئەلەکسەندەرە ، دوو پاڵەوانەکەی دنیا لەخۆ خزانی سـەرسەهۆڵدا کە بەجووتە لـەم دوای‌یەدا چونەتە قەفەسـی زێرینەوە ٠٠ ئەم کارە قاوێکی گەورەی خستە ناو وەرزشێکانی یەکێتی سۆڤیاتەوە ٠٠ ئەوە تا هەردووکیان لەسەر سەهۆڵسەمـای خۆشبەختـی دوا رۆژیان ئەکەن ٠

ناو ....

ناونیشان ....

ئارەزوو ....

بۆیەکترناسین

ناو : مەعروف شیخ عمر
تەمەن : ـ١٥ سال
ئارەزوو : کۆکردنـەوەی وێنەو گوێ‌گرتن لە گۆرانی

ناونیشان : سلێمانی بو بازرگان شیخ‌عمر

ناو : جەنگی مصطفـی
ناونیشان : کرکوك رێگـای خوشناو
تەمەن : ١٨ سال

ئارەزوو : خوێندنەوە
ناونیشان : سلیمـانی ـ بەرگ دروی هوشیار ٠

ناو : رشید عمر دزەیی
تەمەن : ٢٦ سال
ئارەزوو : خوینـدنەوەو کۆکردنـەوەی بەرهەمـی فۆلکلۆری کوردی ٠٠

ناونیشان : بەغدا ـ کولیەی ئاداب ـ بەشی کوردی
ناو : بهاء الدیـن نوزی عبدالله ٠٠
تەمەن : ١٨ سال
ئارەزوو : وەرزشو گـوێ گرتن لە گۆرانی ٠٠

ناونیشان : کرکـوك ـ کۆگای عثمان طه ـ رحیم ئاوا
ناو : فریاد غالب عبـدالله
تەمەن : ١٥ سال

ئارەزوو : یاری ـ توپی‌پی‌ـ پوول کۆکردنەوە
ناونیشان : سلێمـانی ـ قوتابخانەی شێخ مەحمـودی کوڕان ٠٠
ناو : سامان غالب عبـدالله
تەمەن : ١٧ سال

ئارەزوو : وێنەگرتـن ، هونەر
ناونیشان : سلێمـانی ـ شەقامی پیرەمێرد ـ وێنەگری شورش

ناو : رزگار مـام طـه کاوانی
تەمن : ١٥ سال
ئارەزوو : گوێ گرتن لـە گۆرانی ٠

ناونیشان : هەولێـر ـ قوتابخانەی ناوەنـدی «زازا»ی کوڕان ٠٠
ناو : فوءاد خوشناو

تەمەن : ٢٣ سال
ئارەزوو : خوێنـدنو لێکولینەوەی شیعرو چیرۆك

ناونیشان : بەغدا ـ کولیەی ئاداب ـ بەشی کوردی
ناو : توانا جلال توفیق
تەمن : ١٤ سال

ئارەزوو : نامە گوریـن ، خوێندنەوەی وێژەی کوردی
ناونیشان : سلێمانـی ـ مدرسە تطبیقات دار المعلمین
ناو : سەرتیپ دزەیی
تەمەن : ١٨ سال
ئارەزوو : نامەگوریـنو خوێندنەوەی گشتی

ناونیشان : هەولـێر ـ سەرتیپ دزەیی
ناو : عبداللطیف عبدالحکیم
تەمەن : ١٩ سال
ئارەزوو : خوێندنـەوەی گشتی

ناونیشان : کەرکـوك ـ قوتابخانەی ئامادەیی کەرکوك پولی شەشەم
ناو : سەردار کـەریم زێدبەگی
تەمەن : ١٦ سال
ئارەزوو : خوێندنو نوسین بەکوردی‌و نامەگورین

ناونیشان : هەولێـر ـ قوتابخانەی ناوەندی ئیسکان
ناو : بەکر عەبدوڵلا
تەمن : ٩ سال
ئارەزوو : خەبات لەپێنـاوی کوردا

ناونیشان : کەرکـوك قوتابخانەی مەولـەوی ـ شەقامی سلیمانی (هیوادارین کاك بەکر سەرکەوتوبـی ـ هاوکاری) ٠

ناو : طه آبراهیم فتاح
تەمن : ٢٢ سال
ئارەزوو: نامەگورینو دانانی هۆنراوە ٠
ناونیشان : بەغدا ـ شارع الثوره ـ مخزن فتح ٠

مەعروف شێخ عمر

جەنگی مصطفی خۆشناو


فریاد غالب عبدالله

سامان غالب عبدالله


رزگار طه کاوانی

فوءاد خۆشناو

توانا جلال تۆفیق

سەرتیپ دزەیی


عبداللطیف عبدالحکیم

سەردار کەریم

رشید عمر دزەیی

بەکر عەبدوڵلا


طـه ابراهیم